
الله اكبر

خەونی شیعەی عێراق لە بازنەی حوکمڕانییەکی سەرکەوتوودا

# سندوقە ڕەشەکەی ویلایەتی فەقیه لەناو بەرنامەی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدیدا



کاتێك دەڵێین هیچ لایەنێكی سیاسیی شیعە بڕوای بە سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتی نییە وەك سیستەمێك بۆ حوكمڕانی، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوان كوفری سیاسەتیان كردووە و، ئەوەشی بڕوای بە دیموكراتی نەبێت وەك سیستمێك بۆ حوكمڕانی، ئیدی ناتوانێت حوكمڕانی بكات، یان لە حوكمڕانیدا سەركەوتوو بێت.

لای شیعەی عێراق بە هاوشێوەی شیعەی سەرجەم دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاكستان و ئەفغانستان، ناسنامەی ئایینیی شیعەگەرایی جێگەی ناسنامەی نەتەوەیی گرتۆتەوە، ئەوجا چۆن هەر نەتەوەیەك ئامانجی ئەوەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا شكۆی ناسنامەی خۆی بەرجەستە بكات، ئەوا پێڕەوانی مەزهەبی شیعەش لە هەر كوێیەكی ئەم جیهانە بن بە شیعەی عێراقیشەوە دەیانەوێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی (ویلایەتی فەقیهدا) شكۆی مەزهەبگەرایی خۆیان پێناسە بكەنەوە.

**لای شیعەی عێراق بە هاوشێوەی شیعەی سەرجەم دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاكستان و ئەفغانستان، ناسنامەی ئایینیی شیعەگەرایی جێگەی ناسنامەی نەتەوەیی گرتۆتەوە**

ئەم حاڵەتە تەنیا تایبەت نییە بە شێوازی بیركردنەوەی پێڕەوانی مەزهەبی شیعە، بەڵكو هەموو پێڕەوانی ئەو ئایین و مەزهەبانەی كە ئایین وەك ناسنامەی سەیر دەكەن، شكۆی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان لەناو سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتیدا نابیننەوە، هەر بۆیە پەنا بۆ سیستمێكی دیكەی حوكمڕانی دەبەن، كە ئەو سیستمە بە بڕوای خۆیان دەبێتەوە بە چوارچێوەیەك بۆ پێناسەكردنەوەی شكۆی نەتەوەیی و ئایینییان، دەكرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك بكەین:

**پێڕەوانی مەزهەبی شیعەش لە هەر كوێیەكی ئەم جیهانە بن بە شیعەی عێراقیشەوە دەیانەوێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی (ویلایەتی فەقیهدا) شكۆی مەزهەبگەرایی خۆیان پێناسە بكەنەوە**

١. لە دوای سەركەوتنی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩، فەرەنسییەكان دوو زانایان ڕەوانەی ئەمریكای دیموكراتی و ڕووسیای قەیسەری كرد، بۆ ئەوەی بزانن كام سیستەمەیان بۆ فەرەنسای دوای شۆڕش دەشێت، سەرەنجام ئەنجامی گەشتەكەی ئەلێكسی تۆكۆفیل (دیموكراتیەت لە ئەمریكا) پەسەند كرا، نەك شێوازی حوكمڕانیی قەیسەری لە ڕووسیا، لەگەڵ ئەوەی هۆكاری ئەم دەستنیشانكردنەی فەرەنسا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە كە سیستمی حوكمڕانیی دیموكراتیی ئەمریكا لە سیستمی حوكمڕانیی قەیسەریی ڕووسیا باشتر بووە، بەڵام هۆكاری سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەمریكا و فەرەنسا هەردوولایان پێڕەوانی كریستیانی كاسۆلیكین، سیستمی دیموكراتیی ئەمریكا وەك سیستمێكی گونجاو بۆ شكۆی كریستیانی كاسۆلیكی پەسەند كراوە.

٢. جووەكان لە ئەوروپا هەستیان دەكرد، سیستمی لیبڕاڵی ناتوانێت شكۆی نەتەوەییان وەك جوو بپارێزێت، بۆیە وێڵ بوون بەدوای دەوڵەتێكی نەتەوەییدا بۆ ئەوەی لە چوارچیوەی ئەو دەوڵەتەدا شكۆ بۆ ناسنامەی (جووبوونی خۆیان) بگێڕنەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٩٦ سیۆدر هرتزل وەك ڕێبەری زیندووكردنەوەی جوو كتێبی (دەوڵەتی جوو —Jewish State)ی دانا، ئەم كتێبە كە ٥٦ ساڵ پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ نووسراوە، بووە بناخەیەك بۆ جووەكان بۆ بونیادنانی شێوازی حوكمڕانی (دەوڵەتی جوو)، هەموو جووەكانی جیهانیش بە فەرمی دەوڵەتی ئیسرائیل بە دەوڵەتی خۆیان دەزانن و پێی دەڵێن (دەوڵەتی جوو)، هەر بۆیە (دەوڵەتی جوو) شێوازێكی دیكەی دەوڵەتداری و حوكمڕانییە كە تەواوی جووەكانی جیهان لە سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتی بە باشتری دەزانن.

٣. پێڕەوانی ئایینی ئیسلام - مەزهەبی سوننە، لەدوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانییەوە لە ساڵی ١٩٢٢، هەموو هەوڵیان بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتە وەك شێوازێكی تایبەتیی حوكمڕانی بە پێڕەوانی سوننە، هەر بۆیەشە لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەتا ئێستاش شێوازی سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتی وەك سیتمێك بۆ حوكمڕانی بە شێوەیەكی ئارەزوومەندانە لەلایەن خەڵكی ئەو وڵاتانە قبووڵ نەكراوە، تەنانەت لە كۆماری توركیای نوێدا لەدوای ساڵی ١٩٢٣وە هەتا ساڵی ٢٠٠٢ هەموو هەوڵی حكومەتە یەك لەدوا یەكەكانی توركیا بۆ ئەوە بوو ئاسەواری خەلافەت بسڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئاكپارتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ و لە ماوەی ١٦ساڵی ڕابردوودا، هەموو هەوڵەكانی ئەردۆگان و ئاكپارتی بۆ ئەوەیە دووبارە بە شێوەیەكی نەرم توركیا بگێڕنەوە بۆ خەلافەتی ئیسلامی، شێوەی نەرمیش بەو مانایەی پێچەوانەی ئەزموونی

ئیخوانی میسر دوای ٢٠١١ و ڕێکخراوی داعش لە دوای ساڵی ٢٠١٤، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاکپارتی بۆ دەیەوێت لە دیموکراتی دوور بکەوێتەوە و لە خەلافەتێکی نەرمی ئیسلامی نزیك ببێتەوە؟ بێگومان ئەردۆگان باش دەزانێت ئەگەر بتوانێت خەلافەتی ئیسلامی بگێڕێتەوە، ئەوا ناسنامەی ئیسلامی – سوننە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی – سوننە، جێگەی ناسنامەی نەتەوەیی دەگرێتەوەو شکۆ بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێتەوە، وەك براگەورەی هەموو نەتەوەکانی پێڕەوی ئایینی ئیسلام – مەزهەبی سوننە.

٤. ئەگەر هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەیری رووسیای سەردەمی پوتین بکەین، دەبینین لەدوای ساڵی ٢٠٠٢ ەوە چیدیکە هەژموونی لیبراڵی رۆژئاوا و ئەمریکا قبووڵ ناکات، لەماوەی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٢، ئەمریکا و رۆژئاوا ئامانجیان بوو کە سیستمی سیاسی رووسیا کۆپیکراوی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا بێت، ئامانجیان لەم کۆپیکردنە ئەوە نەبوو خەڵکی رووسیا ئازاد و خۆشگوزەران بێت، بەڵکو ئامانجیان ئەوە بوو شکۆی رووسیا وەك نەتەوە و وەك لانەکەی پێڕەوانی ئایینی کریستانی ئەرسەدۆکس بشکێنن و لەناو کەوانەی گەمارۆی ناتۆدا ملکەچی بکەن، بۆیە پوتین لە چوارچێوەی سیستمی (ئەسۆریتاریانزمێکی نەرم _ Soft (Authoritarianism توانی بە جۆرێك رووسیا بەهێز بکاتەوە و گەمارۆی کەوانەی ناتۆ بشکێنێت و بۆ شکاندنی ئەم کەوانەیەش لە ٢٠٠٨ بە هێزی سەربازی چووە ناو جۆرجیا و لە ٢٠١٤ کریمای لکاند بە خۆیەوە، بەمەش شکۆی بۆ رووس و پێڕەوانی ئایینی کریستیانی ئەرزەسۆکس گێڕایەوە.

٥. چینیەکان سیستمی لیبراڵ دیموکراتیان وەك سیستمێك بۆ حوکمڕانی پێ باش نییە، هەر بۆیە هەردوولایان چینی کۆمنیستی و تایوانی لەگەڵ ئەوەی سوودێکی هێجگار زۆریان لە سیاسەتی (ئابووریی بازاڕی سەرمایەداری) وەرگرتووە، بەڵام هەتا ئێستاش کۆماری چین پێڕەوی کۆمۆنیستی مائۆیی دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چینییەکان کۆمۆنیستی مائۆیی وەك کۆمۆنیستێکی مۆدێلی چینی، نەك مارکسی سەیر دەکەن، ئەمریکا و رۆژئاوا ویستیان لەدوای ساڵی ١٩٩١ چینیش بە دەردی سۆڤیەتی پێشوو ببەن و سیستمە سیاسییەکەی بڕووخێنن، بەڵام چین خۆی راگرت و لە ئێستادا هێندە بەهێز بۆتەوە کە سیستمی حوکمڕانی چینی وەك بەدیل بۆ سیستمی حوکمڕانی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا سەیر دەکرێت.

لێرەوە ئەگەر سەیری تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین، هەر لە ژاپۆنەوە تا دەگاتە هیندستان، دەبینین ئەو دەوڵەتانە نەیانتوانیوە خۆیان بونیاد بنێنەوە و ببنە خاوەنی دەوڵەتی بەهێز کە لاسایی ئەزموونی لیبراڵیی رۆژئاوایان کردۆتەوە، یان هەوڵیانداوە لە وڵاتەکانی خۆیاندا ئەو سیتمە وەك خۆی کۆپی بکەنەوە، هەر بۆ نموونە هیندستان کە بە نیمچە کیشوەرێك ناوزەد دەکرێت، کێشەی گەورەی ئەوەیە کە سیستمیە دیموکراتییەکەی رێگای پێنادات، بڕیاری راست و خێرا بۆ بەڕێوەبەردنی دەوڵەتەکەی وەربگرێت.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەم نموونانە بەو مانایە نییە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، یان دامەزراوەکانی ئەم سیستمە بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوای کریستیانی کاسۆلیکی نەبوونەتە هۆکاری خۆشگوزارنی و بەرزیی داهاتی تاك بۆ هاووڵاتیانی خۆیان، هۆکاری ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەزموونی لیبراڵ دیموکراتی لە جیهانی رۆژئاوای کریستانی کاسۆلیکی، پرۆسەیەکە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەستی پێکردووە و توانیویانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هۆز و گرووپە جیاوازەکانی نەتەوە لە چوارچێوەی ئینتمای نەتەوەییدا بکەن بە هاووڵاتی و ئینتیمای بۆ خاکەکەی هەبێت، دوای ئەمە ئەوجا هەوڵدراوە هاووڵاتیان وەك تاك (Individual) لەسەر بنەمای ماف مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەر بۆ نموونە ئەمریکا کە خۆی بە رێبەری دەوڵەتی لیبراڵ دیموکراتی دەزانێ، دوای ئەوەی سەربەخۆیی راگەیاندووە لە ساڵی ١٧٧٦، لائیحەی مافەکانی (تاك) ی راگەیاندووە، وەك تاکێکی ئەمریکاو ئازاد، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەمریکا لەو سەردەمەی کە کۆلۆنیالییەکی بەریتانی بوو، لائیحەی مافی تاکی رانەگەیاند؟

**لە کۆماری تورکیای نوێدا لەدوای ساڵی ١٩٢٣وە هەتا ساڵی ٢٠٠٢ هەموو هەوڵی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی تورکیا بۆ ئەوە بوو ئاسەواری خەلافەت بسڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئاکپارتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ و لە ماوەی ١٦ساڵی رابردوودا، هەموو هەوڵەکانی ئەردۆگان و ئاکپارتی بۆ ئەوەیە دووبارە بە شێوەیەکی نەرم تورکیا بگێڕنەوە بۆ خەلافەتی ئیسلامی**

**ئەزموونی لیبراڵ دیموکراتی لە جیهانی رۆژئاوای کریستانی کاسۆلیکی، پرۆسەیەکە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەستی پێکردووە و توانیویانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هۆز و گرووپە جیاوازەکانی نەتەوە لە چوارچێوەی ئینتمای نەتەوەییدا بکەن بە هاووڵاتی و ئینتیمای بۆ خاکەکەی هەبێت**

وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەوکات نەتەوەی ئەمریکا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئازاددا هەستی بە هاووڵاتیبوون نەدەکرد، چۆن دەکرا وەك تاك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمە بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان راستە، هەر بۆیە کاتێك لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە رۆژئاوا و ئەمریکا دەیانەوێت بە زەبری هێز سیستمی هەموو نەتەوەکانی جیهان بگۆڕن بۆ ئەو سیستمەی خۆیان مەبەستیانە لەژێر ناوی (بڵاوکردنەوەی دیموکراتی) ئەوا هاووڵاتیانی ئەو نەتەوانە ئەو سیستمە رەتدەکەنەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەو داشکانە گەورەیە بووە کە لە ئێستادا بەسەر هەژموونی لیبراڵی لە جیهاندا شکاوەتەوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ عێراقی دوای ٢٠٠٣ و سەیر لە کاردانەوەی پێکهاتە سەرەکییەکان (کورد و شیعە و سوننە) بکەین، بەرامبەر ئەو سیستمە سیاسییەی ئەمریکا مەبەستی بوو لە عێراق بونیادی بنێتەوە، دەبینین هەردوو پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوننە، نەك هەر دژی ئەو مودیلە حوکمڕانییە بوون کە ئەمریکا مەبەستی بوو، بەڵکو هەردوولایان شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا کردووە و وەك داگیرکەر مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام لایەنی کوردستانی پێشوازی لەو مودێلە کردووە کە ئەمریکا مەبەستی بووە بەپێی دەستوور لە عێراقدا بونیادی بنێتەوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی لایەنی کوردستانی پێشوازی لێکردووە و عەرەبی شیعە و سوننە رەتیان کردۆتەوە؟ وەڵامەکە ئەوە نییە کە کورد خۆی بە دۆستی ئەمریکا زانیوەو شیعە و سوننە بە داگیرکەریان داناوە، نەخێر، هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە سیستمی سیاسیی کوردستان بەرهەمێکی لۆکاڵی خەڵکی کوردستانە و خەڵکی کوردستان خۆیان بونیادیان ناوە و ئەمریکا ئەم سیستمە خۆماڵییەی وەك سیستمێکی سیاسی سەرکەوتوو سەیر کردووە و لەناو دەستووری عێراقدا جێگیری کردووە، خۆ ئەگەر ئەمریکا هەموو سیستمە سیاسییەکەی کوردستانیشی رەتبکردایەتەوە و خۆی سیستمێکی سیاسیی تازەی بۆ کوردستان دابنایە، ئەوا خەڵکی کوردستانیش ئەو سیستەمەیان رەتدەکردەوە، هەروەك چۆن سیستمی فیدراڵیی پارێزگاکانیان رەتکردەوە.

بۆ ئێستای لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق کە هەموویان خوازیاری بونیادنانی سیتمێکی (ویلایەتی فەقیه) بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، باش دەزانن بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق و ناوچەکە و نێودەوڵەتیش ئەمەیان لێ قبووڵ ناکات، بۆیە بە هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانەی وەك (چین و رووسیا و پۆڵەندا و هەنگاریا و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا و تا رادەیەکی زۆریش تورکیا) کە بە شێوازی نەرم خۆیان لە لیبراڵ دیموکراتی دوور خستۆوە، لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق پێڕەوی ئەو سیاسەتە دەکەن کە لە رووی سیاسییەوە سیستمی (ویلایەتی فیقه) لە سندوقە رەشەکەی حکومەتدا دەشارنەوە لە رووی سیاسەتی ئابووریشەوە پەیڕەوی لە سیاسەتی (ئابووریی بازاڕی سەرمایەداری) دەکەن، کاتێك بەهۆی پێڕەوکردنی سیاسەتی ئابووریی بازاڕی سەرمایەدارییەوە، ژێرخانی ئابووریی وڵات رێکدەخەنەوە، ئەوا سیستمە سیاسسیەکە لە سندوقە رەشەکە دەردەهێنن و بە ئاشکرا پێناسەی حوکمڕانیی خۆیان دەکەنەوە.

## ● چۆن شیعەکانی عێراق خەونی حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو دەکەن بە واقیع؟

خاڵی بەهێز لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەوەیە ئەم پرۆسەیە پێکهاتووە لە دوو لایەنی سەرەکی، لایەنی یەکەمیان هەردوو هاوپەیمانی (ئیسلاح و بینا)یە و تێکڕای نوێنەرەکانی سوننە و شیعە لەخۆی دەگرێت و لە ئێستادا بەشێوەیەکی سەرەکی موقتەدا سەدر و هادی عامری سەرپەرشتی دەکەن و دەکرێت بشڵێین رۆڵی هادی عامری باڵاترە، لەبەر ئەوەی تەواوی هێزەکانی حەشدی شەعبی، هاوپەیمانی هادی عامرین و موقتەدا سەدر تەنیا هێزی شەقامی لەگەڵدایە، لەبەرامبەر ئەم بەرەیەی (عەرەبی شیعە و سوننە)، بەرەی کوردە، بەڵام لەم بەرەیەدا شەخسی مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵێکی کاریگەریان هەیە، هەتا ئەو ئاستەی دەتوانین بڵێین لە چاوی (عەرەبی شیعە و سوننەدا)، شەخسی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان تا رادەیەکی زۆر

**هەردوو پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوننە، نەک هەر دژی ئەو مودیلە حوکمڕانییە بوون کە ئەمریکا مەبەستی بوو، بەڵکو هەردوولایان شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا کردووە و وەک داگیرکەر مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام لایەنی کوردستانی پێشوازی لەو مودێلە کردووە کە ئەمریکا مەبەستی بووە بەپێی دەستوور لە عێراقدا بونیادی بنێتەوە**

**سیستمی سیاسیی کوردستان بەرهەمێکی لۆکاڵی خەڵکی کوردستانە و خەڵکی کوردستان خۆیان بونیادیان ناوە و ئەمریکا ئەم سیستمە خۆماڵییەی وەک سیتمێکی سیاسی سەرکەوتوو سەیر کردووە و لەناو دەستووری عێراقدا جێگری کردووە**

ڕۆڵی یەکلاکردنەوە بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەگێڕن.

بوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە دوولایەنی سەرەکیی (کورد و عەرەب بە شیعەو سوننەوە)، ڕۆڵێکی زۆرباش دەگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەروەها ڕۆڵێکی زۆر باش دەگێڕێت بۆ حوکمڕانیەکی سەرکەوتوو لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: چۆن لە ماوەی چەند مانگێکی کەمی دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ڕابردوودا تا ئێستا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە پرۆسەیەکی فەوزای سیاسییەوە گۆڕا بۆ پرۆسەیەکی نیمچە سەرەکی کە دوولایەنی سەرەکی لەخۆی بگرێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە گەڕانەوەیەکی ورد هەیە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی لە نێوماڵی شیعە و پاشانیش هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی فراکسیۆنی گەورە و لە دوای ئەویش نەهێشتنی چەمکی فراکسیۆنی گەورە، بۆ ئەمەش دەتوانین بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێ بکەین:

١. لیستی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری کە دەکرێت پێشی بڵێین (لیستی حەشدی شەعبی)، ڕاستە لە هەڵبژاردنەکاندا لیستی یەکەم نەبوو، بەڵام جیاوازیشی لەگەڵ لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر تەنیا دوو سێ کورسی بوو، بۆیە لیستی فەتحیش بە هاوشێوەی لیستی سائیرون بە لیستی یەکەم لە قەڵەم دەدرا.

٢. ئەو شێوازەی هادی عامری بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی گەورە لە ژێر ناوی (هاوپەیمانیی بینا) پیادەی کرد، شێوازێکی دوولایەنە بوو، لەلایەك لەگەڵ ئەو سەرۆك فراکسیۆنانە هاوپەیمانی گرێ دا، کە بە ڕێگەی سەرۆك فراکسیۆنەوە هاتنە ناو (هاوپەیمانیی بینا)، لەلایەکی دیکەش بە ڕێگەی گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی ناو لیستەکانی دیکە وەك گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ فالح فەیاز لەناو لیستی سەدر کە ٢٢ پەرلەمانتاری لەگەڵدا بوو، دوای ئەویش بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارەکانی عەرەبی سوننە و شیعە لە ناو لیستەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سێبەر فراکسیۆنی گەورە مسۆگەر بکات لە پەرلەماندا و لەگەڵ پرۆسەی دەنگدان ئاشکرای بکات. لەبەرامبەر ئەم هەوڵە سەرکەوتووانەی عامری، سەدر کە سەرۆکایەتیی هاوپەیمانی ئیسلاحی دەکرد، تەنیا پشتی بە ئیمزای سەرۆك فراکسیۆنەکان بەستبوو، لەوە بێئاگا بوو، لیستێکی وەك نەسر کە حەیدەر عەبادی سەرۆکایەتی دەکرد و بە حیساب خاوەنی ٤٣ کورسی بوو، بەڵام تەنیا چەند کورسییەکی لەگەڵدا مابووەوە و ئەوی دیکەیان چووبوونە لای هاوپەیمانیی عامری، هەر بۆیە کاتێك هاوپەیمانیی (ئیسلاح) ڕایگەیاند بۆتە خاوەنی گەورەترین فراکسیۆن بەبێ لایەنی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) زیاتر لە ١٨٣ کورسیی پەرلەمانیان لەگەڵدایە، بەڵام کە چوونە ناو پەرلەمان نەیانتوانی زیاتر لە ١٥٠ نوێنەر کۆبکەنەوە.

٣. دوای شکستی هاوپەیمانیی ئیسلاح لە پێکهێنانی فراکسیۆنی گەورە، عامری هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ و لەگەڵ موقتەدا سەدر ڕێککەوت کە ئەسڵەن هەر فراکسیۆنی گەورە نەمێنێت و هەموو لیستەکانی عەرەبی شیعە و سوننە پێکەوە کاندیدی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران هەڵبژێرن، عامری لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو بوو.

٤. سەبارەت بە هەوڵەکانی هاوپەیمانیی بیناش بۆ بەشداریکردنی کورد بە شێوەیەکی بەهێز لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، هادی عامری پێداگیری لەسەر پشتگیریی ڕاستەوخۆی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، دیارە عامری و بەشێك لە سەرکردەکانی دیکەی شیعە زۆر باش لە نزیکەوە شەخسی بارزانی و سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەناسن و دەزانن تەنیا بارزانی و پارتی دەتوانن ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی خواستەکانی خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەگەر بتوانن لەگەڵ بارزانی بگەنە ئاکامێکی باش، ئەوا دەتوانن لە بەغدا حکومەتێکی بەهێزی ئەوتۆ دروست بکەن کە لانیکەم توانای ئەوەی هەبێت لەساڵی یەکەمدا بەشێکی زۆری خواستی هاووڵاتیانی بەشە

**لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق پێڕەوی ئەو سیاسەتە دەکەن کە لە ڕووی سیاسییەوە سیستمی (ویلایەتی فیقهـ) لە سندوقە ڕەشەکەی حکومەتدا دەشارنەوەو لە ڕووی سیاسەتی ئابووریشەوە پەیڕەوی لە سیاسەتی (ئابووریی بازاڕی سەرمایەداری) دەکەن**

**لە چاوی (عەرەبی شیعە و سوننەدا)، شەخسی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی یەکلاکردنەوە بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەگێڕن**



عەرەبییەکەی عێراق دابین بکەن، کە هەموویان خزمەتگوزاریی گشتین، وەك دابینکردنی ئاو و کارەبا و بونیادنانەوەی ئەو ناوچانەی کە بەهۆی شەڕی دژی داعشەوە کاول کراون.

٥. ئەگەر سەیری شێوازی دانوستاندنەکانی هاوپەیمانیی بینا لەگەڵ کوردستان بەگشتی و بارزانی و پارتی بەتایبەتی بکەین، ئەوا دەبینین زۆر باش ڕێزی ئەو خواستەی بارزانی و پارتییان گرتووە کە نەیانویستووە ببنە بەشێك لە هیچ هاوپەیمانییەك، لەبەرامبەردا هاوپەیمانیی بینا بەوە رازی بووە ئەگەر ئەوان توانییان فراکسیۆنی گەورە دروست بکەن، پارتی و بارزانی پشتگیرییان بکەن.

٦. هەڵبژاردنی د.عادل عەبدولمەهدی وەك کاندیدی هاوبەش بۆ شیعەکان، دیسان ڕۆڵێکی گەورەی هاوپەیمانیی بینای تێدا بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر هاوپەیمانیی بینا نەیویستایە د.عادل عەبدولمەهدی کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئەوا نەدەبووە کاندیدی سەرۆك وەزیران، لەم حاڵەتەشدا لیستی ئیسلاح



هیچی پێ نەدەكرا، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە، ئەوا هاوپەیمانیی بینا دەیتوانی هەموو ڕێگرییەك دروست بكات، ئەوجا لێرەوە ئەگەر سەیری ئەم كاندیدە بكەین كە لیستی بینا پشتگیری سەرەكیی بووە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق، ئەمە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە كە هاوپەیمانیی بینا نییەتی ئەوەی هەیە كە هەوڵەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەولێر و بەغدا بخرێنەگەڕ و پێش هەموو شتێك كێشەی كوردستان لە كۆڵ خۆی بكاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە د.عادل عەبدولمەهدی پەیوەندییەكی زۆر باشی لەگەڵ بارزانی و پارتی هەیە و بارزانی و پارتییش نەك هەر پێشوازی لە كەسایەتییەكی وادەكەن كە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، بەڵكو پشتیوانیشی دەكەن و هاوكارییەكی جدیشی دەكەن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەولێر و بەغدا و هەروەها هاوكاریشی دەكەن بۆ سەركەوتنی لە حكومەتەكەیدا.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێكردن، كە زیرەكانە

**بوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە دوولایەنی سەرەکیی (کورد و عەرەب بە شیعەو سوننەوە)، رۆڵێکی زۆرباش دەگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەروەها رۆڵێکی زۆر باش دەگێڕێت بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا**

هادی عامری هەستی پێکردوون بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق سەرکەوتوو بێت، پیاهەڵدان نییە بە هادی عامری، یان مانای ئەوە نییە کە ئەو دەیەوێت دۆستایەتی کورد بکات، یان پێشتر هیچ سیاسەتێکی هەڵەی بەرامبەر کوردستان پیادە نەکردووە، بەپێچەوانەوە هێزەکانی حەشدی شەعبیی سەر بە هادی عامری و موقتەدا سەدریش ئەو هێزانە بوون کە ساڵی پار هێرشیان کردە سەر کوردستان و کەرکووکیان داگیرکردەوە و لە داستانەکانی پردێ و سحیلا و تەلسقۆف لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە تێکشکێندران، بەڵام زیرەکیی عامری و هاوپەیمانەکانی لە لیستی بینا و هێنانی موقتەدا سەدر بۆ سەر هەمان شێوەی بیرکردنەوە، لەوەدایە کە هەنگاوەکانی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە زۆر باش دەزانن، ئەمە دوایین دەرفەتە لە بەردەم حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا، ئەگەر لەم حکومەتە سەرکەوتوو نەبن، ئەوا حوکمڕانیی شیعە لە عێراق کۆتایی دێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کێشەی سەرەکیی حوکمڕانیی شیعە بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ خودی شیعەیە، نەك پێکهاتەکانی دیکە، هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە کار بۆ ئەوەی زەمینە بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو خۆش بکەن، دەکرێت ئەمەشیان بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ بکەین:

- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی پەرتەوازەیی سیاسی، یەکەمجار لەناو ماڵی شیعە، پاشان رێکخستنەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سوننە لە ژێر چەتری هاوپەیمانیی شیعەدا، لە ئێستا هەست دەکرێت ئەو پەرتەوازییە سیاسییەی کە هەتا مانگی ئابی ئەمساڵیش لەناو پرۆسەی سیاسیی عەرەبی عێراقدا بوونی هەبوو، بەرەو جۆرێك لە سەقامگیریی سیاسی هەنگاو هەڵدەگرێت، بێگومان نەمانی پەرتەوازەیی سیاسی و دروستبوونی سەقامگیریی سیاسی، ژێرخانێکی پتەوە بۆ هەر حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو.
- بەڵێنەکانیان بە بارزانی و پارتی، بەوەی ئامادەن بەپێی دەستوور کێشەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکەن (ئەمە لە بەرنامەی حکومەتی تازەی عێراق)یشدا هاتووە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر کێشەکانیان لەگەڵ پارتی و بارزانی چارەسەر نەکەن، هەرچییەك بکەن لە حوکمڕانیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق سەرکەوتوو نابن، خۆ ئەگەر نییەتیان باش نەبوایە سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا، ئەوا هەوڵیاندەدا لە بارزانی و پارتی دوور بکەنەوە، پەنا بۆ شێوە کارتۆنییەکەی بەشداریی کورد ببەن، بەڵام دیارە مەبەستیانە حکومەتی ئەمجارەیان سەرکەوتوو بێت، هەر بۆیە دەیانەوێت کێشەی کوردستانیش لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و چارەسەری بکەن.
- ئەو بەرنامەیەی کە د.عادل عەبدولمەهدی وەك بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق رایگەیاند، ئاشکرایە ئەو بەرنامەیە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی ئەو ١٥-٢٠ رۆژە نییە کە ئەو راسپێردراوە بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، بەڵکو ئەم بەرنامەیەی د.عادل عەبدولمەهدی ماوەیەکی زۆر پێشتر کاری جددی لەسەر کراوەو دواتر خراوەتە بەردەستی و لەوانەیە ئەو دەستکاری هەندێك بڕگەی کردبێت، یان هەندێك بڕگەی بۆ زیاد و کەم کرابێت، بەڵام بەرنامەکە زۆر پڕۆفیشناڵانە و بە ئەقڵی دەوڵەتمەداری داڕێژدراوە، هەر زۆر بەسادەیی ئەگەر سەیری بکەین، ئەم بەرنامەیە دوو بەشە، ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، زۆر بەشێوەیەکی گشتی باسکراوە و تەنیا ئاماژە بەوە کراوە هەوڵەکان دەخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی بەپێی دەستوور یاسا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، بەڵام کە دێنە سەر بەشەکەی دیکەی کە تایبەتە بە پرۆسەی حوکمڕانی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ئەوا دەبینین وردەکارییەکی هێجگار زۆر کراوەو پرسەکان زۆر ورد کراونەتەوە.
- بەرنامەی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەیەکی ئابوورییە بۆ رێکخستنەوەی تەواوی ژێرخانە جیاوازەکانی خزمەتگوزارییەکان لە هەموو بوارە جیاوازەکان، هەموو ئەو میکانیزمانەشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خراونەتەڕوو، بە شێوەیەك لە شێوەکان پشتبەستنە بە میکانیزمی

**ئەم بەرنامەیەی د.عادل عەبدولمەهدی ماوەیەکی زۆر پێشتر کاری جددی لەسەر کراوەو دواتر خراوەتە بەردەستی و لەوانەیە ئەو دەستکاری هەندێک برگەی کردبێت، یان هەندێک برگەی بۆ زیاد و کەم کرابێت، بەڵام بەرنامەکە زۆر پرۆفیشناڵانە و بە ئەقڵی دەوڵەتمەداری داڕێژراوە**

سیاسەتی ئابووریی بازاڕ و شێوازی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکوومییەکانی وەك بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی، یان ئەو شێوازانەی ڕێکخراوەکانی یونامیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا وەك ڕاسپاردە پێشکەشی کردوون، هەروەها جەختکردنەوەی عادل عەبدولمەهدیش لەسەر ئەو چەمکەی کە دەڵێت: (وەرچەرخانی ئابووری سەقامگیریی ئاسایش و سیاسی دروست دەکات.) دیسان ئەمەش مانای ئەوەیە کێشەکانی ئێستای کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە و شیعە لە عێراقدا، نە دیموکراتییە و نە ئازادیی ڕادەربڕین و نە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتییە، بەڵکو کێشەی ئەمڕۆی ئەو کۆمەڵگەیە رووخانی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر هەموو ئەو خاڵانەی کە بە زیرەکی وەك خاڵە سەرەکییەکانی شکستی حوکمڕانی لە عێراقدا دەستنیشانیان کردوون و هەموو ئەو خاڵانەی کە ناچاری کردوون بەو شێوازە بۆ رزگارکردنی خۆیان بیگرنەبەر، پێکەوە کۆیان بکەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئەم هەوڵانە، یان دەبنە سەرەتایەك بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتووی شیعە لە عێراقدا، یاخود ئەگەر سەرکەوتوو نەبن، دەبێتە سەرەتایەك بۆ کۆتایی حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا.

### ● دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی کارتی سوورە بۆ کردنەدەرەوەی حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا

لەو کاتەوەی د.عادل عەبدولمەهدی بەرنامەی حکومەتەکەی راگەیاندووە، گوێمان لێ نەبووە هیچ لایەنێکی سیاسی، یان هیچ پێکهاتەیەکی عێراقی بڵێت ئەم بەرنامەیە خراپە، بەڵکو رەخنەی سەرەکی لەم بەرنامەیە ئەوەیە کە ئەم بەرنامەیە ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت و جێبەجێ ناکرێت و سەرەنجامیش د.عادل عەبدولمەهدی کە بەردەوام دەست لەکارکێشانەوەکەی لە گیرفانیدایە، دەریدەهێنێت و حکومەتەکە بەجێ دەهێڵێت، ئەمەش دروست لەسەر ئەو بۆچوونە بونیاد نراوە کە ئەم بەرنامەیە بە تەنیا د.عادل عەبدولمەهدی لە ماوەی ئەو ١٥-٢٠ رۆژە دانیشتووە دایڕشتووە و رەهەندەکانی راستکردنەوەی حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا وەك پێویست رەچاو نەکراوە.

بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری ئەزموونی سیاسیی د.عادل عەبدولمەهدی بکەین و پاشان ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی د.عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و وەزیری نەوت دەستی لەکارکێشایەوەو ئێستا شانی داوەتە بەر ئەم بەرپرسیارێتییە قورسە کە راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانییە لە عێراقدا؟ ئەوا ئەم پرسیارە ئەوەمان لێدەخوازێت کە بە دیدێکی فراوانتر بەرنامەی حکومەتەکە بخوێنینەوەو ئەزموونی حوکمڕانی وڵاتانی جیهانیش پێمان دەڵێت، ئەم بەرنامەیە بە پشتبەستن بە هێزێکی گەورە نووسراوە و ئەو هێزەش بێجگە لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەو سەرکەوتنی حکومەتەکە هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە.



راشکاوانەتر ئەگەر بە تەرازووی هێزی سیاسی و سەربازی و هێزی شەقامیش، د.عادل عەبدولمەهدی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و هاوپەیمانییەکانی شیعەدا بخوێنینەوە، ئەوا بەراورد بە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو پرۆسەکە، دەکرێت بڵێین: د.عادل عەبدولمەهدی لە هەموویان لاوازترە، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو بە کەسایەتییەکی سیاسیی ئەقڵانی ناسراوە و شانی خۆی ناداتە بەر بارێك کە پێی هەڵنەگیرێت، بۆیە پرسیار ئەوەیە کە ئەو بزانێت ئەم بەرنامەیە شتێکی خەیاڵییە و بۆی جێبەجێ ناکرێت، ئایا دوای ٧٢ ساڵ تەمەن خۆی دەکاتە گاڵتەجاڕی سیاسی و خاڵێکی رەش لە مێژووی سیاسی خۆی تۆمار دەکات؟

دیارە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کۆمەڵێك تەمومژ دەرەوێنێتەوە و ئەوەمان پێدەڵێت، ئەو هێزەی لە پشتی د.عادل عەبدولمەهدییە، توانای ئەوەی هەیە جڵەوگیری پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکات، هەروەها ئەو توانایەشی هەیە کە زەمینەی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی بەرنامەکەی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات، بێگومان هەر حکومەتێکیش هێزێکی ئەوتۆی لە پشت بێت، کە بتوانێت هەم جڵەوگیری تەواوی

**مافیا گەورەکانی گەندەڵی ئەو هێز و لایەنانەن کە هێزەکانی حەشدی شەعبییان لەبەر دەستە، هەر ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەش ئەمڕۆ جڵەوگیری سیاسەتی عێراقیان لەبەر دەستە**

پرۆسە سیاسییەکە بکات و هەمیش زەمینەی سەقامگیری و ئاسایشی بۆ بڕەخسێنێت، ئەوا حەتمەن حکومەتێکی سەرکەوتوو دەبێت.

پاشان لایەنێکی دیکەی ئەو رەخنانەی رووبەڕووی بەرنامەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی دەکرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو بەرنامەیە بەو وەزیرانە جێبەجێ ناکرێت کە لە کابینەکەدا ناویان هاتووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم رەخنانەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا کێ دەڵێت، ئەم بەرنامەیە کە بەو شێوەیە داڕێژدراوە پشت دەبەستێت بەو میکانیزمەی کە وەزیرەکان بۆ جێبەجێکردنی دەیگرنەبەر؟ بەپێچەوانەوە ئەم بەرنامەیە بەو شێوەیە داڕێژراوە کە میکانیزمە گونجاوەکان بۆ جێبەجێکردنی لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا لەلایەن راوێژکاری زۆر شارەزا بۆ ئامادە دەکرێت و دەخرێتە بەردەستی وەزیرەکان بۆ ئەوەی بەو میکانیزمە لەگەڵ کێشەکاندا مامەڵە بکەن، لەمبارەوەش وەك بەها ئەعرەجی سەرکردەی تەیاری سەدر و جێگری پێشووی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە لێدوانیکدا سەبارەت بەم بەرنامەیە گوتی: ئەم بەرنامەیە پێویستی بە راوێژکاری زۆر شارەزا لە سیاسەتی ئابووریی بازاڕ و شارەزا لە سیاسەتی بونیادنانەوەی دامەزراوەکان و سیاسەتی بانکی هەیە و ئەو راوێژکارانەش هەموویان هاوکار دەبن بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیە.


لایەنێکی دیکە کە خەڵك بە نائومێدییەوە سەیری ئەم بەرنامەیە دەکات، پرسی گەندەڵییە لە عێراقدا، کە ئەم پرسە مافیای گەورەی گەندەڵی ئەوتۆی دروست کردووە کە د.عادل عەبدولمەهدی ناتوانێت رووبەڕوویان ببێتەوە، بۆیە مەسەلەی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بێجگە لە فەنتازیا و خەیاڵێك شتێکی دیکە نابێت. بەڵام ئەم باسە ئەم پرسیارە دەخاتە ژێر پرسیارێکی دیکە و دەپرسێت: ئایا ئەوانەی بوونە مافیای گەندەڵی کێن؟ بێگومان مافیا گەورەکانی گەندەڵی ئەو هێز و لایەنانەن کە هێزی چەکداریان هەیە و، راشکاوانەتریش کە هێزەکانی حەشدی شەعبیان لەبەر دەستە، هەر ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەش ئەمڕۆ جڵەوگیری سیاسەتی عێراقیان لەبەر دەستە و مانەوەی ئەم جڵەوگیرییەش گرێ دراوەتەوە بە سەرکەوتنی ئەو بەرنامەیەی کە



د.عادل عەبدولمەهدی رایگەیاندووە، کەواتە لەم دەروازەیەوە لایەنێکی دیکەی تەمومژاوی ئەو واقیعە سیاسییەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە ئەوانەی سەرچاوەی گەندەڵیی گەورەن لە عێراقدا و بە مافیای گەندەڵی ناسراون، ئێستا خۆیان کەتوونەتە لێواری هەڵدێر و ئەگەر خۆیان بە سەرکەوتنی ئەم حکومەتە نەگرنەوە، ئەوا هەم پارەکانیشیان تێدا دەچێت و هەمیش لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا بوونیان نامێنێت، ئەوجا بۆ ئەوەی خۆیان لەو زۆنگاوە رزگار بکەن، ئەو گەندەڵییە گەورەیەشی کردوویانە دەیکەنە وەبەرهێنان و خۆیان دەبنە خاوەن و جڵەوگیری

**ئەوانەی سەرچاوەی گەندەڵیی گەورەن لە عێراقدا و بە مافیای گەندەڵی ناسراون، ئێستا خۆیان کەتوونەتە لێواری هەڵدێر و ئەگەر خۆیان بە سەرکەوتنی ئەم حکومەتە نەگرنەوە، ئەوا هەم پارەکانیشیان تێدا دەچێت و هەمیش لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا بوونیان نامێنێت**

**ئەو هێز و لایەنانەی پشگیری حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی دەکەن، هەمان ئەو هێز و لایەنانەن وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر دووبارە دانانەوەی حەیدەر عەبادی بۆ خولی دووەمی سەرۆک وەزیران، راشکاوانە رایانگەیاند، ئەگەر هەر حکومەتێک جێگەی رەزامەندی ئێمە نەبێت، ناهێڵین ئەو حکومەتە پێکبهێندرێت، خۆ ئەگەر هەر پێکیش بهێندرێت، ئەوا لەماوەی دوو مانگدا دەیڕووخێنین**



پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا.

هەر بۆ بیرهێنانەوە، ئەو هێز و لایەنانەی پشگیری حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی دەکەن، هەمان ئەو هێز و لایەنانەن ماوەیەك پێش کاندیدکردنی عادل عەبدولمەهدی و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر دووبارە دانانەوەی حەیدەر عەبادی بۆ خولی دووەمی سەرۆك وەزیران، راشکاوانە رایانگەیاند، ئەگەر هەر حکومەتێك جێگەی رەزامەندی ئێمە نەبێت، ناهێڵێن ئەو حکومەتە پێکبهێندرێت، خۆ ئەگەر هەر پێکیش بهێندرێت، ئەوا لەماوەی دوو مانگدا دەیڕووخێنین...

گرنگیی بەبیر هێنانەوەی ئەم لێدوانە لەوەدایە، ئەگەر ئەو هێز و لایەنانەی پشتگیری عادل عەبدولمەهدی دەکەن، نەیانەوێت لە حکومەتەکەیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێش ئەوەی بەرنامەکەی رابگەیاندایە دەیانڕووخاند، بەڵام کە پشتگیری لە بەرنامەکەی دەکەن، ئێستا عادل عەبدولمەهدی بە پشتی ئەو هێزە حوکمڕانی دەکات و قووڵیی ناوەرۆکی بەرنامەکەشی لەسەر بناخەی ئەو هێزە دارێژدراوە کە لەناو سندوقە رەشەکەی حکومەتدا کاری جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بۆ ئاسان دەکات.



د. فازڵ نەبی

بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گوڵان:

# دەبێت کورد هاوکاری د.عادل عەبدولمەهدی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت چوار ساڵ وەک سەرۆکی حکومەت بمێنێتەوە

**لایەنی کوردستانی بەشێوەیەکی گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی، پرسی بەشداریکردنیان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا گرێدابووەوە بە بەرنامەی حکومەتەی د.عادل عەبدولمەهدی-یەوە، بەو پێیەشی کە پارتی بە شێوەیەکی بەهێز بەشداری لە حکومەتکەی عەبدولمەهدیدا کردووە، مانای ئەوەیە جۆرە رازیبوونێك لەو بەرنامەیە هەیە، بەرنامەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی لەگەڵ متمانەپێدانی پەرلەمانی عێراق بڵاوکرایەوەو راشکاوانە ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم حکومەتە ئامادەباشی ئەوەی پیشانداوە کە بەپێی دەستوور و یاسا دانوستاندن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکات، بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لەو برگانەی پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە هەیە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.فازڵ نەبی بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

## زۆر گرنگە بۆ هەر کێشەیەکی نێوان هەرێم و بەغدا، لیژنەیەکی دانوستاندنی تایبەت هەبێت و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزێتەوە

## لە پرۆژە یاسای ٢٠١٨ و ٢٠١٩ی عێراقدا فێڵی تەکنیکی لە هەرێمی کوردستان کراوە و هەر یەکێک لەو فێڵانە مینێکی چێنراوە و هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەش کارێکی ئاسان نییە

*** دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق متمانەی بە ١٤ وەزارەتی کابینە تازەکەی حکومەتی عێراق دا، د.عادل عەبدولمەهدی بە فەرمی بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئایا بۆ کورد جیاوازیی د.عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانەکانی پێشووی عێراق چییە؟**

- دیارە د.عادل عەبدولمەهدی وەك شەخس، کەسێکی زۆر زانا و لێهاتوو و لەسەرخۆیە و بوغز و کینەی بەرامبەر هیچ لایەنێك نییە، من وەك خۆم کە ئەوکات بریکاری وەزارەتی دارایی بووم و ئەویش وەزیری نەوت بوو، بە شێکی زۆری ئیشەکانمان پێکەوە بوو، شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵماندا زۆر باش بوو، سەبارەت بە تێڕوانینی لەگەڵ کوردیش، دیارە جیا لەوەی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەیە، لە هەمانکاتیشدا مەزندەی ئەوە دەکەم کە لایەنی کوردی پشتیوانی دەکات و ئەویش مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا باشتر دەبێت، بەڵام گرنگ لیژنەی دانوستاندنی هەرێمی کوردستانە کە بتوانێت هاریکاریی تەواوی بکات بۆ ئەوەی کێشەکان بە هەوڵی هەردوولا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** لەماوەیەکی زۆر کورتداو دوای ئەوەی ناوەرۆکی بەرنامەی حکومەتەکەی راگەیاند،**

**لە بەرنامەی حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی گشتی باس لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی یاساو دەستوور کراوەو باس لە وردەکاری و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا و دەستوور نەکراوە**

**ئەو خەڵکانەی پرۆسەی دانوستاندنەکە بەڕێوەدەبەن، دەبێت بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکانە بەرامبەر بگەیێننە قەناعەت لەسەر شێوازی ئەو میکانیزمەی کێشەکانی لە چوارچێوەی دەستووردا پێ چارەسەر دەکرێت**

**کێشەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا یەکێکە لەو کێشانە کە پێویستە پێش هەموو کێشەکانی دیکە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کێشەیەکە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە**

**بەشێوەیەکی گشتی وادیارە خەڵك لە بەرنامەکەی .عادل عەبدولمەهدی رازییە، ئایا لەو بەشەی کە پەیوەندی بە کێشەکانی هەرێم و بەغداوە هەیە، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەو بەشە چۆنە؟**

- بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی لە رووی دارِشتن و تیۆرییەوە، بەرنامەیەکی باشە، ئەوەی پەیوەندی بە کێشەکانی عێراقەوە هەیە لە زۆر بواردا چۆتە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەو خاڵانەیە کە داخوازی کوردن و بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێکراوە، وەك پرسی بودجە، ماددەی ١٤٠، ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك، کە دەشڵێم بە شێوەیەکی گشتی باسیان لێوەکراوە، واتە ئاماژە بەوە کراوە کە بەپێی دەستوور و یاسا ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن، ئەمەش قسەیەکی گشتییەو زۆر جاری دیکەش لەم جۆرە بەڵێنانە دراون و شتێکی کۆنکرێتی نین کە بڵێین ١٠٠٪ جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ئەم جۆرە بەڵێنانە مەتاتین و تەفسیری جۆراوجۆر هەڵدەگرن و پێشتر زۆر بەڵێنی لەوە زیاتر بە کورد دراون، بەڵام بەداخەوە کێشەکانیش هەتا ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە.

*** وەك کەسێك کە خاوەنی ئەزموونی لە بەشێك لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئایا لە حاڵەتی لەمجۆرەدا پێویستە لایەنی کورد چۆن ئیدارەی ئەم کێشانە بدات، بۆ ئەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان دابین بکرێت؟**

- لە ئێستا کورد پێویستی بەوەیە کە لیژنەی دانوستاندن لە کەسانی زانستی و زیرەك و لێهاتوو و لەسەرخۆ دیاری بکات، کە لە پرۆسەی دانوستاندا توانای قەناعەت پێکردنی بەرامبەری هەبێت، ئەم لیژنەیە مەرج نییە لە خەڵکانی سیاسی پێکبهێنرێت، بەڵکو دەکرێت کە خەڵکانی زانستی و تەکنۆکرات بن و سیاسییەکان سەرپەرشتی بکەن، هەروەها گرنگە ئەم لیژنەی دانوستاندنە تەنیا یەك لیژنە نەبێت بۆ هەموو کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵکو گرنگە بۆ هەر کێشەیەك لیژنەیەکی تایبەت هەبێت، هەر بۆ نموونە ناکرێت ئەو لیژنەیەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بودجە پێکدەهێنرێت، هەمان لیژنەی دانوستاندن بێت بۆ چارەسەری کێشەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك، هەروەها دەبێت ئەم لیژنانە بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ رەوتی بەرەوپێشەوەچوونی دانوستانەکان هەبێت و بەشێوەیەکی لۆژیکی و زانستییانە لەگەڵ بەغدا دانوستاندن بکەن، کە ئەمە دەڵێم، بێگومان مەبەستمە راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەم کە لیژنەکانی دانوستاندن پێشتر بەدواداچوونیان نەبوو، هەر بۆ نموونە لیژنە دەهاتە بەغدا جاری وا هەبوو یەك رۆژ دەمایەوە و شەو دەگەڕایەوەو، کۆبوونەوەکانیان تەنیا بریتی بوون لە هەندێ قسەی گشتی و رووکەش، بۆیە لەو ماوە کورتەدا نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ورد و چڕ بچێتە ناو میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانەوە، بۆیە پێویست بوو ئەو لیژنانە لە بەغدا بمێننەوە و بچنە ناو وردەکاریی کێشەکان و خاوەنی دەسەڵات بن بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بگەیەنتە قەناعەت و چارەسەری هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەوەی من هەتا ئێستا لە برادەرانی لیژنەی دانوستاندن گوێم لێ بووە، یەك لیژنە پێکهێنراوە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان، بۆیە من پێوایە لیژنەیەك بە تەنیا بەبێ خەڵکی زانستی و لێهاتوو توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نابێت.

*** مەبەستت لە بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش چییە؟ لەکاتیکدا نەخشەرِێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان دەستوورە، ئایا بەپێی دەستوور نابێت کێشەکان چارەسەر بکرێت؟**

- ئێمە باس لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی عێراق دەکەین، لەم بەرنامەیەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی یاسا و دەستوور کراوە و باس لە وردەکاریی چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا و دەستوور نەکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەچینە ناو وردەکارییەکان کاتێك دانوستاندن دەکەین، سرووشتی دانوستاندیش هەر لە ناوەکەیڕا دیارە، واتە تۆ شتێك دەدەیت و لەبەرامبەردا شتێك وەردەگریت، راشکاوانەتر واتە تۆ لە نێوان (سفر و ١٠٠) چەند بەدەست دەهێنێت، ئەمەش

پێویستی بەوەیە ئەو خەڵکانەی پرۆسەی دانوستاندنەکە بەڕێوەدەبەن، دەبێت بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکانە بەرامبەر بگەیننە قەناعەت لەسەر شێوازی ئەو میکانیزمەی کێشەکانی لە چوارچێوەی دەستووردا پێ چارەسەر دەکرێت، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەر ئەوەندە نییە، لایەنی کوردی داوابکات ئەم داواکارییەمان هەیە و دەبێت حکومەتی بەغدا جێبەجێی بکات، بەڵکو دەبێت لایەنی کوردی خۆیشی هاوکار بێت بۆ ئەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا.

*** ئەگەر وەك نموونە باس لە کێشەکانی هەرێم و بەغدا بکەین، سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە و پشکی کوردستان لە بودجەی عێراقدا، ئایا لە پرۆژەی یاسای بودجەدا کێشەکانی کوردستان و عێراق چین؟**

- کێشەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا یەکێکە لەو کێشانە کە پێویستە پێش هەموو کێشەکانی دیکە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کێشەیەکە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، سەبارەت بەم کێشەیە وەك من بیستوومە لە ئەندامانی لیژنەی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، دەڵێن د.عادل عەبدولمەهدی ئامادەباشی پیشانداوە کە لە چوارچێوەی دەستوور دانوستاندن لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەستپێبکات، بەڵام کێشەی بودجە خۆی کێشەیەکی ئاڵۆزە و جاران و پێش ئەوەی ڕێژەی ١٧٪ پشکی کوردستان کەم بکرێتەوە بۆ ١٢,٦٧٪ کە شاندی دانوستاندن دەهاتنە بەغدا بۆ دانوستان لەسەر ئەم پرسە، زۆر جار وایان مەزندە دەکرد کە لە دانوستاندنەکەدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام من بە حوکمی ئەوەی بریکاری وەزارەتی دارایی بووم، رامدەگەیاند، نەخێر سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو فێڵێکیان لێکراوە و ئەوان هەستیان پێ نەکردووە، ئەوجا ئەمە بۆ ئەو کات وابوو، ئێستا پرسەکە زۆر لەو کاتە قورستر و ئاڵۆزتر بووە، بەداخەوە لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دا، بۆ ئەوەی پشکی کوردستان لە ١٧٪ وە کەم بکەنەوە بۆ ١٢,٦٧ چەندین فێڵی تەکنیکییان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو پرۆژە یاسای بودجەیە هێندە بە شارەزایی داڕێژراوە کە زۆر قورسە بتوانرێت بە ئاسانی هەڵبوەشێندرێتەوە، لە ئێستاشدا کێشەکە ئەوەیە کە کێشەی گەورە لە یاسای بودجە بۆ کوردستان دروستکراوە، ئەگەر ئەم کێشانە نەبوونایە، چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسانتر بوو، ئەمە دروست وەك ئەو حاڵەتەیە کە دەڵێن (تەواو گۆزەکە شکا) بۆیە ئەگەر بمانەوێت گۆزەکە چاك بکەینەوە، ئەوا دەبێت زۆر بە وەستایی و بە زیرەکی و بە لێهاتوویی هەموو پارچەکان پێکەوە بنێینەوە بۆ ئەوەی گۆزەکە دروست بکەینەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو فێڵە تەکنیکیانەی لە پرۆژە یاسای بودجەدا دژی پشکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، هەر یەکەیان مینێکە لەناو ئەو بودجەیە چێنراوە هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەش لە ئێستادا کارێکی ئاسان نییە، لەمەش زیاتر ئەگەر باس لە کابینەی تازەی حکومەت بکەین بە سەرۆکایەتی د.عادل عەبدولمەهدی، راستە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کورد هەیە، بەڵام ئەویش ناوێرێت بەئاسانی هەموو ئەو شتانە راست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەویش ترسی لە شەقامی سیاسیی عەرەبی و کوتلە سیاسییە شیعەکانی دیکە هەیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەوە دەبێتە ئەرکی ئێمە میکانیزمی بۆ بدۆزینەوە و هاوکاری بکەین بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە کراون، ئەوجا کێشەی ماددەی ١٤٠ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکیش بەهەمان شێوە پێویستیان بە ئیشێکی هێجگار گەورە هەیە، ئەمە ناچارمان دەکات ئێمە کاری زیاتر بکەین و کەمتر قسە بکەین، لێرە بەدواوە هەرێمی کوردستان دەبێت هەوڵبدات چۆن بە شێوەیەکی پراکتیکی خۆی دەبێتە بەشێك لە چارەسەرکردنی کێشەکان، کە دەڵێم هەرێمی کوردستانیش واتە (حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەناو پرۆسەی ساسیی عێراقدا) دەبێت هەردوولا وەك یەك تیم هەوڵبدەن ئەو کێشانە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەن.

*** پرۆسەی بڕیاردروستکردن لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا کارێکی زۆر قورسە بۆ بڕیاردان**

**د.عادل عەبدولمەهدی، راستە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کورد هەیە، بەڵام ئەویش ناوێرێت بەئاسانی هەموو ئەو شتانە راست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەویش ترسی لە شەقامی سیاسیی عەرەبی و کوتلە سیاسییە شیعەکانی دیکە هەیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەوە دەبێتە ئەرکی ئێمە میکانیزمی بۆ بدۆزینەوە و هاوکاری بکەین**

**ماددەکانی دەستووری عێراق بە شێوەی گشتی باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە خودی ماددەکە لاستیکی و مەتاتییە و هەر لایەک دەتوانێت لە دیدگای خۆیەوە تەفسیری ئەو ماددەیە بکات**

**ئەگەر ئەو توانایەمان نەبوو کە بە قەناعەت پێکردن رای بەرامبەر بگۆڕین، ئەوا بە پەنابردن بۆ هێز، یان دەنگدان، ئێمە هیچمان پێ ناکرێت**

**پرسی گەندەڵی لە عێراقدا ئەوە نییە فەرمانبەرێک ئەوجا ئەو فەرمانبەرە هەر پلەیەکی هەبێت، هەتا ئەگەر وەزیریش بێت، لەو داهاتەی کە لەبەر دەستیەتی هەندێک گەندەڵی تێدا بکات، مەسەلەکە لەمە گەورترەو لە عێراقدا مافیای گەورەی گەندەڵی هەیە**

**کۆنتراکتەکانی وەزارەتی بەرگری و دامەزراندنی بندیواردا لە وەزارەتی ناوخۆ و کۆنتراکتەکانی وەزارەتی کارەبا و بازرگانی و کۆنتراکتی دەرمانی وەزارەتی تەندروستی هەر یەکەیان بە سەدان ملیۆن دۆلار گەندەڵییان تێدا کراوە**

**عەبادی لەگەڵ ئەوەی کاری زۆر خراپی دژی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، بەڵام لە پرسی گەندەڵیدا بۆ عێراق هەنگاوی باشی هەڵگرت، بەڵام ئەویش نەیتوانی بەرامبەر مافیای گەندەڵکارە گەورەکان هیچ بکات**

**سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، وەك ئەزموونی خۆت پێتوایە چۆن دەتوانین لەناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا کاریگەریمان لەسەر پرۆسەی بڕیاردروستکردن هەبێت؟**

- ئەمە کێشە سەرەکییەکەی کوردە لە ناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، من پێشتر باسم کرد، ماددەکانی دەستووری عێراق بە شێوەی گشتی باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە خودی ماددەکە لاستیکی و مەتاتییە و هەر لایەك دەتوانێت لە دیدگای خۆیەوە تەفسیری ئەو ماددەیە بکات، بۆیە کاتێك دەچینە وردەکارییەوە دەبێت بە لۆژیك و ئەقڵ و زانست هەوڵبدەین بەرامبەر بگەیەنینە قەناعەت، لەم ڕێگەیەش زیاتر لەبەردەم لایەنی کورددا نییە، لەم بوارەدا راستە من بریکاری وەزارەتی دارایی بووم، بەڵام ئەو کات دەبوو لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەبم، زۆر جار توانیومانە شتیان پێ بگۆڕین بۆ بەرژەوندیی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر ئەم توانایەمان نەبوو کە بە قەناعەت پێکردن رای بەرامبەر بگۆڕین، ئەوا بە پەنابردن بۆ هێز، یان دەنگدان، ئێمە هیچمان پێ ناکرێت، هەر بۆ نموونە لە ئێستا لە ٢٢ وەزیر و بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە کە دەکاتە ٢٣، ئێمە تەنیا ٣ وەزیرمان هەیە کە دەکاتە سێ دەنگ، باشە سێ دەنگی کورد بەرامبەر ٢٠ دەنگی عەرەب چی پێدەکرێت؟ بۆیە دەبێت ئێمە پشت بە لۆژیك و لێهاتوویی ئەو نوێنەرانەی خۆمان ببەستین کە وەزیرن و ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقن.

*** لە بەرنامەی حکومەتی تازەی عێراقدا زۆر جەختکراوەتەوە سەر بنبڕکردنی گەندەڵی، وەك دەزانن مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە عێراقدا کارێکی ئاسان نییە، ئایا تاچەند د.عادل عەبدولمەهدی لەم پرسەدا سەرکەوتوو دەبێت؟**

- پرسی گەندەڵی لە عێراقدا کێشەیەکی هێجگار گەورەیە و گەندەڵییەکە هەموو عێراقی گرتۆتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پرسی گەندەڵی لە عێراقدا ئەوە نییە فەرمانبەرێك ئەوجا ئەو فەرمانبەرە هەر پلەیەکی هەبێت، هەتا ئەگەر وەزیریش بێت، لەو داهاتەی کە لەبەر دەستیەتی هەندێك گەندەڵی تێدا بکات، مەسەلەکە لەمە گەورترەو لە عێراقدا مافیای گەورەی گەندەڵی هەیە، ئەو وەزیر، یان بەڕێوەبەرە گشتییەش بیەوێت گەندەڵی گەورە بکات، ئەگەر مافیایەکی گەورەی لە پشتەوە نەبێت، ناتوانێت ئەو گەندەڵییە گەورەیە بکات، کەواتە کێشەی سەرەکیی عێراق گەندەڵە گەورەکانە، نەك گەندەڵیی وەزیرێك، یان بەڕێوەبەرێکی گشتی، ئەم گەندەڵکارە گەورانەش زۆر ئەستەمە بە ئاسانی ریشەکێش بکرێن، یان حکومەتی ئێستای عێراق بڵێت من گەندەڵی ریشەکێش دەکەم، ئەگەر لێرەوە سەیری قسەکانی سەرەتای د.عادل عەبدولمەهدی بکەین کە راگەیاند (حکومەتێکی بەهێز و تەکنوکرات پێکدەهێنم)، بەڵام ئەمرۆ کە تەماشای پێکهاتەی حکومەتەکەی دەکەین، دەبینین ئەوەی بەڵێنی دابوو بۆی جێبەجێ نەکرا، ئەمەشی بۆیە بۆ جێبەجێ نەکرا، چونکە کوتلە سیاسییەکان دەستیان تێوەردا، ئەوجا لەمەوە ئەگەر بێینە سەر ئەو گەندەڵییە گەورانەی کە کراون و تیایاندایە بە زیاتر لە سەدان ملیۆن دۆلار گەندەڵی تێدا کراوە، ئەوانە لایەنی زۆر گەورەیان لە پشتەوەیە و بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، گەندەڵی لە عێراقدا بریتی نییە لەوەی وەزیرێك، یان بەڕێوەبەرێکی گشتی لەسەر ئاستی وەزارەتەکەی یان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی ئەو پەڕی ٢٠-٣٠ هەزار دۆلار گەندەڵی کردبێت، ئەمە لەچاو بودجەی عێراقدا هەر گەندەڵی نییە، بەڵام سەیری کۆنتراکتەکانی وەزارەتی بەرگری بکەن کە بە سەدان ملیۆن دۆلارە، سەیری گەندەڵیی وەزارتی بەرگری و ناوخۆ بکەن لە دامەزراندنی بندیواردا، سەیر کۆنتراکتەکانی وەزارەتی کارەباو بازرگانی و کۆنتراکتی دەرمانی وەزارەتی تەندروستی بکەن، ئەمانە هەر یەکەیان بە سەدان ملیۆن دۆلار گەندەڵییان تێدا کراوە، لە کابینەکەی پێشوودا د. عەبادی لەگەڵ ئەوەی کاری زۆر خراپی دژی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، بەڵام لە پرسی گەندەڵیدا بۆ عێراق هەنگاوی باشی هەڵگرت، بەڵام ئەویش نەیتوانی بەرامبەر مافیای گەندەڵکارە گەورەکان هیچ بکات، بۆیە



پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا د.عادل عەبدولمەهدی دەتوانێت ئەمە بکات؟ بێگومان لە ئێستاوە دەڵێم ئەم کارەی پێناکرێت لەبەر ئەوەی لە پێکهێنانی حکومەتەکەیدا نەیتوانی ئەو کارە بکات، بۆیە راشکاوانە دەڵێم لەوانەیە بتوانێت هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، بەڵام لەماوەی ئەم چوار ساڵەی کابینەکەیدا ئەمەی بۆ ناکرێت.

*** د.عادل عەبدولمەهدی بەوە ناسراوە بەردەوام دەست لەکارکێشانەوەکەی لە گیرفانیدایە ئایا مەزندە دەکرێت چوار ساڵ لە پۆستی سەرۆک وەزیران بمێنێتەوە؟**

- بێگومان ئەم پرسیارە، پرسیارێکی گەوهەرییە، لەبەر ئەوەی د.عادل عەبدولمەهدی چ ئەو کاتەی جێگری سەرۆک کۆمار بووە و چ ئەو کاتەشی وەزیری نەوت بووە، هەر کاتێك ئاستەنگی بۆ دروستکرابێت، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردووە، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ د.عادل عەبدولمەهدی کە بەڕێز هۆشیار زێبارییش ئامادەبوو، قسەیەکی زۆر جوانی کردو گوتی: (قەت ملی خۆم ناخەمە بەر چەقۆی ئەو خەڵکانەی کە شایستە نین، بۆیە نامەوێت لەسەر ئەوانە بەیانی بێن لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن، بۆیە دەستم لەکارکێشایەوە.) بۆیە د.عادل وێڕای زیرەکی و لێهاتوویی خۆی، ئەگەر تەگەرە و ئاستەنگی بۆ دروست بکرێت، دەست لەکار دەکێشێتەوە، بۆیە ئەو پرسیارە هەمیشە ئامادەیە (ئایا د.عادل عەبدولمەهدی چوار ساڵ لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەردەوام دەبێت؟) بۆ ئێمەی کورد گرنگە بەردەوام بێت، بۆیە دەبێت ئێمە وەك کورد هاوکارییەکی باشی بکەین، چونکە لەوانەیە د.عادل عەبدولمەهدی لە خەڵکانێکی دیکە بۆ ئێمە باشتر بێت.

**د.عادل عەبدولمەهدی چ ئەو کاتەی جێگری سەرۆک کۆمار بووە و چ ئەو کاتەشی وەزیری نەوت بووە، هەر کاتێک ئاستەنگی بۆ دروستکرابێت، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردووە**

# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ کارنامەی حکومەتی نوێی عێراق

ئەوەی دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی سەرنجی بدەین لە بارەی کارنامەی حکومەتەکەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە بەرنامەی حکومەت بەم وردەکارییەوە دابڕێژدرێت و ئامادە بکرێت. کە ئێمە هەوڵدەدەین لە ڕێی دابەشکردنی بەسەر چەند تەوەرێکدا تیشکیان بخەینەسەر و تاوتوێیان بکەین.

**یەکەم:** دەستنیشانکردنی ئامانج و بەرپرسیارێتیی وەزارەتەکان

کارنامەکەی حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی دەستنیشانکردنی ئامانج و بەرپرسیارێتی وەزارەتەکان لەخۆ دەگرێت، کە بەشێکی هەنووکەییە و دەبێت لەماوەی ٣-٦ مانگدا جێبەجێ بکرێت و بەشێکی دیکەی مامناوەندییە و جێبەجێکردنی لەنێوان ١٦-١٨ مانگ دەخایەنێت و بەشەکەی دیکەی درێژخایەن و دوورمەودایەو جێبەجێکردنی ١٩-٤٨ مانگ دەخایەنێت، بەمشێوەیە ئامانجەکان و بەرپرسیارێتی وەزارەتەکانیش لە جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە لە رووی ماوەی زەمەنی دەستنیشان کراوە. تەنانەت وردەکاریی ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە وەزارەتێکی دیاریکراو چ ئامانجێك بەدی بهێنێت، یان چ بەرپرسیارێتیەك بگرێتەئەستۆ. ئەگەر هەڵسەنگاندنیشی بۆ بکەین، ئەوا من پێموایە ئەمە جۆرە پۆلێنکردنێکی سەرەتایی و گرنگە بۆ سەرۆکی حکومەت، کاتێك ئەم جۆرە دیدگایەی هەبێت، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە د.عادل عەبدولمەهدی رۆئیایەکی روونی هەیە بۆ داهاتووی عێراق لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا.

**دووەم** : سەرچاوەکانی دارِشتنی بەرنامەی حکومەت

ئێمە دەزانین لەماوەی رابردوودا و پێش ئەوەی د.عادل عەبدولمەهدی راسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی زۆربەی سەرنج و تێڕوانین و تێبینیەکانی خۆی لەبارەی پرۆسەی حکومڕانی لە عێراق و لەسەر دیاردە سیاسییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك گوتاردا خستۆتەڕوو، ئەمەش بە واتای ئەوەی ئەو تێڕوانینی خۆی هەبووە لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە حکومڕانی

**ئەگەر بمانەوێت لە بەرنامەکەی بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی تێبگەین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی دارِشتنی ئەو بەرنامەیە، کە ئاشکرایە سەرچاوەی سەرەکی و یەکەمی دەستوورە**



**د. عەبدولحەکیم خەسرەو**

**مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین**

بۆ گوڵانی نووسیوە

و ئێستاش بەشێکی ئەو وتار و سەرنجانەی خۆی کردوونەتە بنەمای بەرنامەی حکومەت. کەوابێت خاڵێکی گرنگی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کە تەنیا چەند دەستەواژە و گوزارشتێك نین کە ئامانجی لێیان تەنیا بەدەستهێنانی متمانەی پەرلەمانی عێراق بووبێت، هەروەك ئەوەی هەندێ لە چاودێران بەم شێوەیە لێی دەڕوانن، بەڵکو کۆمەڵێك سەرچاوە و بابەتی دیکە کراونەتە بەشێك لە بەرنامەکە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت لە بەرنامەکەی بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی تێبگەین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی دارشتنی ئەو بەرنامەیە، کە ئاشکرایە سەرچاوەی سەرەکی و یەکەمی دەستوورە، هەروەها ئەو خۆی پێشتر پەیپەرێکی نووسیوە بە ناوی (المرتكزات الاولية للحكومة القادمة)، بە هەمان شێوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ڕێی یۆنامییەوە پەیپەرێکی پێشکەش کردووە لەم رووەوە، ئەمە جگە لەو پێشنیار و تێبینییانەی کە لایەنە سیاسییەکان بە بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی پێشکەشیان کردووە. هەروەها پلانێك هەیە پێی دەڵێن پلانی گەشەپێدانی عێراق لە ٢٠١٨-٢٠٢٢ کە د.عادل عەبدولمەهدی بەشێکی زۆری ئەم پلانەی کردووە بە بەرنامەی حکومەتەکەی خۆی، بابەتێکی دیکەش هەیە بە ناوی (رؤية العراق التنموية) تێڕوانینی گەشەپێدانی عێراق بۆ ٢٠٣٠- واتە ئایا عێراق لە ساڵی ٢٠٣٠دا دەگاتە چ ئاستێك لە گەشەکردن-. لەلایەکی دیکەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەکانی گەشەپێدان بۆ ساڵی ٢٠٣٠ دارشتووە (مؤشرات التنمية) کە هەر وڵاتێك دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ئاماژانەوە بزانێت کە لە ماوەی چوار ساڵدا چی کردووە. واتە دەکرێت سوود لە ئاماژەکانی گەشەپێدانی وەربگرین کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانی کردووە بۆ ٢٠٣٠ لە هەموو بوارەکاندا، بۆ نموونە ئێمە کە دەچینە بواری تەندروستی بەشێك لە ئاماژەکانی گەشەپێدانی پەیوەندی بە ژمارەی پزیشك و ژمارەی دانیشتووانەوە هەیە، واتە ئەم ئاماژانە پێوەر لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە دەکرێت بە گوێرەی ئەم پێوەرانە ئێمە

**پلانێک هەیە پێی دەڵێن پلانی گەشەپێدانی عێراق لە ٢٠١٨-٢٠٢٢ کە د.عادل عەبدولمەهدی بەشێکی زۆری ئەم پلانەی کردووە بە بەرنامەی حکومەتەکەی خۆی**

ئەوە دەستنیشتان بکەین کە لە ئێستادا لە کوردستان پێویستمان بە ٢٠ هەزار پزیشك هەبێت لە کاتێکدا ڕەنگە تەنیا ٦-٧ هەزار پزیشکمان هەبێت، واتا ١٥ هەزار کەمتر پزیشکمان هەیە، خۆ ئەگەر بێت و ئێستا ئێمە دەستبەکار بین و بڵێین پێویستە ژمارەی پزیشکەکانی ئێمە لە چوارچێوەی ئاماژە جیهانییەکانی گەشەپێدان بن، ئەوا دەتوانین دوای شەش ساڵی دیکە دەرئەنجامەکە وەربگرین، چونکە دوای شەش ساڵ ئەوان خوێندن تەواو دەکەن. کەواتە بوونی ئەم تێڕوانینە گرنگە، چونکە کاتێك تۆ تێڕوانین و دیدگایەکت هەبوو دەتوانیت سیاسەتی گشتی خۆتی لەسەر دابڕێژیت، پێموایە د.عادل عەبدولمەهدی ئەم تێڕوانینەی لا زۆر ڕوونە و بە تەواوەتی دەستنیشانی کردووە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات.

**سێیەم:** دیاریکردنی سەقفی زەمەنی

یەکێك لەبنەماکانی دیکەی بەرنامەکەش لەوەدایە کە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا د.عادل عەبدولمەهدی کاردەکات لەسەر ئەوەی کە وەزارەتەکان وردەکاری چۆنیەتی ئەنجامدان و سیاسەتی جێبەجێکردنی ئەم پلانە و بەرنامە و ستراتیژیەتە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکەن، ئالێرەدا چەند تێبینییەکی سلبی لەسەر کارەکانی سەرۆك وەزیران هەیە، کە دەبوایە بەرنامەی وەزارەتەکان بۆ سێکتەرەکان پێشتر ئامادە کرابێت، واتە دەبوو بە پشتەستن بە سەرچاوەکانی داڕشتنی بەرنامەکەی وردەکاری بۆ ئەو سێکتەرانەش دابنایە بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ ئەو دیدگایەی کە خۆی هەیەتی. دواتر ئێمە لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی حکومەتدا چاوەڕێی دەستکەوت و دەرئەنجام دەکەین، نەك وردەکاری جێبەجێکردنی بەرنامەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەو هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانەی هەبێت و ئەوەی لەبەرچاوگرتبێت کە ئاست و ئەندازەی ئاڵۆزییەکانی عێراق بە چەشنێکن کە ڕەنگە پێویست بەوە بکات وەزارەتەکان لە ماوەی ئەو ١٠٠ ڕۆژەدا ئەزموونێکی تەواویان هەبێت بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی گشتیان لا گەڵاڵە بێت و حکومەتی عێراق وەك یەك تیم کاربکەن.

**چوارەم :** تەوەرەکانی بەرنامەی حکوومی

یەکێك لە گرنگترین تەوەرەکانی بەرنامەی حکوومی مەسەلەی تەواوکردنی بنەماکانی بنیادنانی دەوڵەتی عێراقە، کە چەند تەوەرێك دەگرێتەوە و پەیوەندیدارن بە دەستوور و جێبەجێکردنی سەرجەم دەقە دەستوورییەکان، کە چەندین بڕگە و ماددەی ئەم دەستوورە پەکخراون. چونکە کاتێك ئێمە ریفراندۆممان ئەنجام دا، یەکێك لەو هۆکارانەی کە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ ناوخۆش دەمانخستەڕوو، ئەوە بوو کە دەستوور وەك خۆی جێبەجێ نەکراوە و زیاتر لە ٥٥ ماددەی دەستووری فەرامۆش کراون و پێشێل کراون. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت: ئایا تاچەند پەرلەمانی عێراق پشتیوانی سەرۆك وەزیران دەکات بۆ جێبەجێکردنی دەقە دەستوورییەکان؟ چونکە جێبەجێکردنی پێویستی بە دەرکردنی یاسا هەیە و هەندێ یاساش هەیە کە دەبێت بە زۆرینەی دوو لەسەر تێپەڕێندرێن. ئەو دەزگا سەرەکییانەی لە ڕێی یاساوە دروست دەبن، وەك ئەنجومەنی ئیتیحادی، دادگای فیدراڵی، کە دەکرێت تەوافوقێکی تەواویان لەسەر دروست بێت. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە دەرچوواندنی هەندێ یاسای وەك یاسای نەوت و غاز کێشەی قووڵتر دروست بکات و ڕەنگە ببێتەهۆی قووڵکردنەوەی قەیرانی سیاسی لە عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا یەکێك لە ئامانجەکانی د.عادل عەبدولمەهدی ئەوەیە بە کەمترین قەیران ئەم چوار ساڵە تێپەڕێنێت و هەوڵبدات قەیران و ململانێی سیاسی دروست نەبێت، بەتایبەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵکو کات و کۆشش تەرخان بکرێت بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و بۆ بونیادنانەوەی عێراق و بەهێزکردنی ئابوورییەکەی، کە ئێمەش دەزانین بووژاندنەوەی ئابووری لەگەڵ ناسەقامگیریی سیاسیدا ناگونجێت.

**پێنجەم:** پرسی هەمووارکردنەوەی دەستوور

خاڵێکی تری هەستیار ئەوەیە کە باس لەوە دەکات لە هەر هەڵبژاردنێکدا سندوقێکیش بۆ راپرسی دابنرێت، مەبەستیش راپرسییە لەسەر ئەو ماددە دەستوورییانەی لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار دەکرێت، کە دەبێت کوردستان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات. چونکە ئەمە مەترسی تێدایە، مەترسیەکەش لەوەدایە کە ئەوان دەیانەوێت لە میانەی هەموارکردنەکەدا بەشێك

> **ئێمە لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی حکومەتدا چاوەڕێی دەستکەوت و دەرئەنجام دەکەین، نەک وردەکاری جێبەجێکردنی بەرنامەکە**

> **یەکێک لە گرنگترین تەوەرەکانی بەرنامەی حکوومی مەسەلەی تەواوکردنی بنەماکانی بنیادنانی دەوڵەتی عێراقە، کە چەند تەوەرێک دەگرێتەوە و پەیوەندیدارن بە دەستوور و جێبەجێکردنی سەرجەم دەقە دەستوورییەکان، کە چەندین بڕگە و ماددەی ئەم دەستوورە پەکخراون**

> **کاتێک ئێمە ریفراندۆممان ئەنجام دا، یەکێک لەو هۆکارانەی کە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ ناوخۆش دەمانخستەڕوو، ئەوە بوو کە دەستوور وەک خۆی جێبەجێ نەکراوە و زیاتر لە ٥٥ ماددەی دەستووری فەرامۆش کراون و پێشێل کراون**

لەو مادده دەستوورییانە هەموار بکرێنەوە کە پەیوەستن بە کێشەکانی عێراق، بۆ نموونە ئەو ماددانەی پەیوەستن بە بنەما سەرەکییەکانی دەستووری عێراقەوە، کە لە سەرەتای دەستووردا هاتوون و بەشێکیان پەیوەندیدارن بە ماف و ئازادییەکان و هەندێکیان بە مافی هەرێم و پارێزگاکانەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە تا ئێستا ماددەی ١٤٢ ی دەستووری عێراقی جێبەجێ نەکراوە، کە باس لەوە دەکات ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی یەکەمی لێژنەیەك پێك دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو مادده دەستوورییانەی کە پێویستە هەموار بکرێنەوە و دواجار دەخرێتە راپرسی، بەڵام ئەگەر دوو لەسەر سێی ٣ پارێزگا رەتیان کردەوە، ئەوا ئەمە هەموارکردنە جێبەجێ ناکرێت. کەواتە ئەمە رێگرە لەبەردەم ماددەی ١٢٦ی دەستووری عێراقی کە ماددەی هەموارکردنی دەستوورە. ئێستا عێراقییەکان دەتوانن بنەما سەرەکییەکان هەموار بکەن، تا دێنەسەر ماف و ئازادییەکان، واتە دەتوانن سەرجەمیان هەموار بکەن. جگە لەو ماددانەی پەیوەستن بە دەسەڵاتی هەرێمەکان کە ناتوانن دەستکارییان بکەن. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە هەموو شتێك پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی هەرێمەکانەوە نییە، واتە ئەوان دەتوانن بە گوێرەی ماددەی ١٢٦ ناسنامەی دەوڵەتی عێراق بگۆڕن و تەنانەت دەتوانن ماددەی یەکەمیش بگۆڕن، ئەمە خاڵێکی گرنگەو لەبەرنامەکەدا هاتووە، بۆیە دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و هێزە سیاسییەکان زۆر بە وردی لەسەر ئەم بابەتە بوەستن و کاری لەسەر بکەن، بەوەی بزانن ئایا نییەت و مەبەستی سەرۆك وەزیران چییە لە ئێستادا کە باسی هەموارکردنەوەی دەستوور دەکات، چونکە هێشتا ماددەی ١٤٢ ماوە کە بووەتە قفڵ بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور و تەنانەت دادگای فیدراڵیش ئەمە قبووڵ ناکات. بەڵام ئەگەر ئێستا ئیرادەیەکی سیاسی دروست بووە بۆ تێپەڕاندنی ئەوا ئەمە مەترسیدارە. چونکە چەند جارێك دەستەواژەی (لایجوز) هاتووە، بۆ نموونە کە باسی (لا یجوز تعدیل المبادئ الاساسیة الواردة في الباب الاول و الحقوق و الحریات الواردة في الباب الثاني الا بعد دورتین انتخابیتین متعاقبتین) دەکات، کە دوو خولی هەڵبژاردنیش رۆیشتووە، کە لە سەردەمی مالیکی خولی دووەمیش تەواو بوو و دواتر سەردەمی دەسەڵاتی عەبادی دەستی پێکرد کە ئەو کاتە شەڕ بوو و فریا نەکەوتن، بەڵام ئێستا ئەوان دەتوانن هەموارکردنەوەیان بۆ بکەن، مەبەستم لە بنەما سەرەکییەکانە، کە ناسنامەی دەستووری عێراق تێیدا چەسپێندراوە و لە دەستوورەکەدا هاتووە کە (لا یجوز تعدیل المواد الاخرى غیر المنصوص علیها فی البند ثانیا من هذه المادة الا بعد موافقة ثلثي اعضاء مجلس النواب علیه و موافقة الشعب بالاستفتاء العام و مصادقة رئیس الجمهوریة)، ئەوانی دیکەش بە رەزامەندی دوو لەسەر سێ هەموار دەکرێنەوە کە ئێستا هەندێ ماددەی دەستووری هەن شیعە و سوننە رێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەمواریان بکەنەوە و دەتوانن دەنگی دوو لەسەر سێی بۆ مسۆگەر بکەن، دواتر کاتێك ماددەکە دەڵێت رەزامەندیی گەل لە راپرسی گشتیدا، ئەمەش واتای زۆرینەیە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەڵێت ( لا یجوز اجراء اي تعدیل علی مواد الدستور من شأنه ان ینتقص من صلاحیات الاقالیم التي لا تکون داخله من ضمن الاختصاصات الحصریة للسلطات الاتحادیة الا بموافقة السلطة التشریعیة في الاقلیم المعني و موافقة اغلبیة سکانه باستفتاء عام). کەواتە یەکێك لە خاڵانەی کە دەبێتە کێشە و هۆکاری قەیرانی سیاسی ماددەی ١٢٦ و ئەوەیە کە لە بەرنامەکەی د.عادل عەبدولمەهدی هاتووە کە دەڵێت: دەبێت هەموارکردنە دەستوورییەکان بکرێت، واتە ئەو ماددەی ١٤٠ی دەستووری فەرامۆش کرد و راستەوخۆ تەرکیزی لەسەر ماددەی ١٢٦ کردووە.

**شەشەم:** چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا

لە میحوەری یەکەم کە باسی تەواوکردنی بنەماکانی دەوڵەتی عێراق دەکات، ئاماژە بەوە کراوە کە هەرێم و بەغدا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن، وەك کێشەی پەیوەندیدار بە نەوت و غاز و کێشەکانی دیکە. تەنانەت لەبەرنامەکەی د.عادل عەبدولمەهدی لەهەر شوێنێك باسی سوپای عێراق کرابێت، ناوی پێشمەرگەشی هێناوە لەسەرجەم بوارەکانی پڕچەککردن و ئامادەکردن

**رەنگە دەرچوواندنی هەندێ یاسای وەک یاسای نەوت و غاز کێشەی قووڵتر دروست بکات و رەنگە ببێتەهۆی قووڵکردنەوەی قەیرانی سیاسی لە عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا یەکێک لە ئامانجەکانی د.عادل عەبدولمەهدی ئەوەیە بە کەمترین قەیران ئەم چوار ساڵە تێپەڕێنێت و هەوڵبدات قەیران و ململانێی سیاسی دروست نەبێت**

**خاڵێکی تری هەستیار ئەوەیە کە باس لەوە دەکات لە هەر هەڵبژاردنێکدا سندوقێکیش بۆ راپرسی دابنرێت، مەبەستیش راپرسییە لەسەر ئەو مادده دەستوورییانەی لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار دەکرێت، کە دەبێت کوردستان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات. چونکە ئەمە مەترسی تێدایە**

**تا ئێستا ماددەی ١٤٢ ی دەستووری عێراقی جێبەجێ نەکراوە، کە باس لەوە دەکات ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی یەکەمی لێژنەیەک پێک دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو مادده دەستوورییانەی کە پێویستە هەموار بکرێنەوە و دواجار دەخرێتە راپرسی**

و راهێنان، بەڵام لەژێر ناونیشانێکی دیاریکراو کە هەموویان سەر بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بن، لێرەدا رەنگە دکتۆر عادل عەبدولمەهدی جیاوازی لەگەڵ عەبادی و مالیکی هەبێت و متمانەی زیاتری هەبێت، بەڵام خۆ ئێمە تەنیا مامەڵە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی ناکەین، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە دەکەین کە بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی عێراق بەڕێوە دەبات. لەلایەکی دیکەوە گرنگییەکی زۆر دراوە بە پیشەسازیی سەربازی و بە یەکێك لە ریزبەندی کارەکانی ئەم حکومەتە دادەنرێت. ئێمە دەزانین کە مەسەلەی بەرگری مەسەلەیەکی سیادییە، بەڵام ئایا پشك یان لانیکەم پلانی هەرێمی کوردستانیش دەبێت لەم بوارەدا چی بێت، بۆ ئەوەی ئێمەش ئیمتیازی پیشەسازی سەربازی بمانگرێتەوە، چونکە بەپێی زانیارییەکان ئێستا حەشدی شەعبی پیشەسازیی سەربازییان هەیە و لە چوار ساڵی داهاتوو زۆر بەهێز دەبن لەم بوارەدا، بۆیە دەبێت ئێمەش لە کوردستان کار لەسەر ئەم خاڵە بکەین.

**حەوتەم:** سەروەریی عێراق

د.عادل عەبدولمەهدی زۆر جەختی لەسەر سەروەریی عێراق کردۆتەوە، لەگەڵ چۆنیەتی گەڕاندنەوەی شکۆی دەوڵەت بۆ سەرجەم ناوچەکانی عێراق و زاڵکردنی سەروەری بەسەر هەموو پرسێکدا و دەستێوەردانی دەوڵەتە هەرێمییەکان کەم ببێتەوە لە کاروباری ناوخۆی عێراق و عێراقیش لە رێی دەسەڵاتی ئیتیحادییەوە خاوەنی دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی بێت. کە دەتوانم بڵێم رەنگە ئەمە بە هێزی نەرم بکات، واتە لە رێگەی ئەنجامدانی دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رێی بەردەوامیدان بەو لیژنە هونەرییانەی پێکیانهێنابوو لە دوای ریفراندۆمەکەوە، کە حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا توانیان لە رێی ئەم لیژنانەوە دانوستانێکی دوورو درێژ بکەن، بە بێ ئەوەی هیچ لایەکیان تووشی ئیحراجبوونێکی سیاسی ببنەوە. بۆیە لەوە باوەڕەدام کە د.عادل عەبدولمەهدی درێژە بەم دانوستاندنە تەکنیکییانە بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

**هەشتەم:** گەشەپێدان و ئابووری

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە چوارچێوەی پرسی گەشەپێدان و ئابووریدا ئەوەیە د.عادل عەبدولمەهدی جیاوازی نەخستۆتە نێوان بەسرە و هەرێمی کوردستان لە پرسی گەشەپێدان و ئابووریدا، وەك رێگا و بان و دروستکردنی رێگای خێرا لە نێوان پارێزگاکاندا، هەروەها لە بوارەکانی دیکەی گەشەپێداندا، واتە مەبەستی ئەوەیە یەك پلانی گشتگیری سەرتاسەری بۆ گەشەپێدان لە عێراقدا دەستپێبکات، کە سەرۆك وەزیران دەیتوانی تێڕوانینەکانی بگەیەنێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی فەرمانڕەوا لە حکومەتدا بۆ ئەوەی ئەگەر سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، ئێمەش بە میکانیزمێك سوود لەو بەرنامەیە وەربگرین، بەتایبەتی ئەگەر سوودی بۆ گەشەپێدان هەبێت. هەروەها لە بواریی دەستەبەرکردنی خزمتگوزاریشدا بەرنامەیەکی وردی داڕشتووە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات.

**نۆیەم:** پرسی چارەسەرکردنی گەندەڵی

لە راستیدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە تا چەند ئەم بەرنامەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و تا چەند خودی گەندەڵی دەبێتە رێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم پلانە. من پێموایە کێشەکە لە خودی سەرکردایەتی، یان وەزیرەکاندا نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە تۆ لە نێو دامەزراوەیەکدا کار دەکەیت کە لە سەرەوە تا خوارەوە نوقمی گەندەڵی بووە و بگرە لەوێ گەندەڵی بۆتە مەسەلەیەکی کەلتووری، لەبەر ئەوە پێموانییە ئەو بەرنامەیەی دایناوە بە ئاسانی جێبەجێ ببێت، کە رەنگە بتوانێت لە هەندێ بواری دیاریکراودا سەرکەوتوو بێت و سەرکەوتووش دەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە خەڵکیش سەبر و ئارامی نەماوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، هەر بۆیە پێشبینی دروستبوونەوەی خۆپیشاندانەکان دەکرێت، لەولاشەوە رەنگە هاوپەیمانی سائیرون و هەندێك لە هێزە عێراقییەکانی دیکە دەرفەتێك بدەنە حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بۆ ئەوەی هەندێ دەستکەوتی بەرچاوی هەبێت، کە خۆیشی ١٠٠ رۆژی داناوە بۆ داڕشتنی وردەکارییەکانی جێبەجێکردن و جێبەجێکردنی هەندێ پرس و مەسەلە بە شێوەیەکی خێرا. بە شێوەیەکی گشتی ئەو پێشبینیەش هەیە کە

**یەکێک لە خاڵانەی کە دەبێتە کێشە و هۆکاری قەیرانی سیاسی ماددەی ١٢٦ و ئەوەیە کە لە بەرنامەکەی د.عادل عەبدولمەهدی هاتووە کە دەڵێت: دەبێت هەموارکردنە دەستوورییەکان بکرێت، واتە ئەو ماددەی ١٤٠ی دەستووری فەرامۆش کرد و راستەوخۆ تەرکیزی لەسەر ماددەی ١٢٦ کردووە**

**بەپێی زانیارییەکان ئێستا حەشدی شەعبی پیشەسازی سەربازییان هەیە و لە چوار ساڵی داهاتوو زۆر بەهێز دەبن لەم بوارەدا، بۆیە دەبێت ئێمەش لە کوردستان کار لەسەر ئەم خاڵە بکەین**

**ئێمەش ئیستیحقاقی پێکهێنانی حکومەتی هەرێممان لە پێشە و دەکرێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی داهاتووی هەرێمی کوردستان بە رۆئیایەکەوە بۆ کارکردنی چوار ساڵی داهاتوو دەست بە هەنگاوەکانی بکات، کە دواتر ئێمە دەتوانین ئەو هەنگاوانەی وەک ئاماژەیەک دەستنیشان بکەین**



خۆپیشاندانەکان درێژە بکێشن و ئەم حکومەتەش تا سەر بەردەوام نەبێت. چونکە راستە بەرنامەکەیان رێکوپێکە و دەکرێت سەرۆکی حکومەتی ئەم رۆئیایەی هەبێت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە بکات، بەڵام رەنگە قورس بێت کە توانای جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەی هەبێت، هەر بۆیە بۆچوونێك هەیە پێشبینی ئەوە دەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەم حکومەتە بڕووخێت. بەڵام رەنگە خودی ئەم پێشبینییە ببێتە پاڵنەر و هاندەریان بۆ باشترکردنی ئەدای خۆیان و ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کە ئەم حکومەتە بە چەشنی حکومەتەکانی دیکە نییە و هەر کاتێك خەڵکی بیانەوێت، دەیڕووخێنن.

لە کۆتاییدا پێموایە ئەم مۆدێلەی د.عادل عەبدولمەهدی دایناوە لە زۆربەی وڵاتان کاری لەسەر دەکرێت، واتە بەرنامەی حکومەت دەبێت بەم شێوەیە وردەکاری لەخۆبگرێت. کە دەکرێت ئێمە سوودی لێوەربگرین، چونکە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی خۆی دەخستەڕوو و راستەوخۆ دەستیان بە جێبەجێکردنی دەکرد، کە پەیوەست بوون بە راییکردنی کاروباری رۆژانە، لەوانەیە لە هەندێ کەرتدا ستراتیژیەت هەبووبێت، وەك کەرتی نەوت، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆری کەرتەکانی دیکە کێشەی ستراتیژیەتمان هەبوو، لەبەر ئەوە دەکرێت ئێمەش سوود لەو سەرچاوانە وەربگرین کە د.عادل عەبدولمەهدی بەکاری هێناون بۆ داڕشتنی بەرنامەکەی- و جگە لە بەرنامەی سیاسیی حزبە بەشداربووەکانی حکومەت- دەتوانین سوود لە ئاماژەکانی گەشەی مرۆیی وەربگرن، هەروەها ئەو دیراسەتانەی دیکەش کە لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە کراون، کەوابێت ئەمە سوودێکی زۆری دەبێت چونکە ئێمەش ئیستیحقاقی پێکهێنانی حکومەتی هەرێممان لە پێشە و دەکرێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی داهاتووی هەرێمی کوردستان بە رۆئیایەکەوە بۆ کارکردنی چوار ساڵی داهاتوو دەست بە هەڵگرتنی هەنگاوەکانی بکات، کە دواتر ئێمە دەتوانین ئەو هەنگاوانەی وەك ئاماژەیەك دەستنیشان بکەین.

**د.عادل عەبدولمەهدی جیاوازی نەخستۆتە نێوان بەسرە و هەرێمی کوردستان لە پرسی گەشەپێدان و ئابووریدا، وەک رێگا و بان و دروستکردنی رێگای خێرا لە نێوان پارێزگاکاندا، هەروەها لە بوارەکانی دیکەی گەشەپێداندا، واتە مەبەستی ئەوەیە یەک پلانی گشتگیری سەرتاسەری بۆ گەشەپێدان لە عێراقدا دەستپێبکات**



مایکڵ دێش پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی نۆتردام. پێشتریش بەڕێوەبەری دامەزرێنەری ئامۆژگای سکۆکرافت بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی بووە، هەروەها پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سکوڵی پاتێرسۆن بۆ دیپلۆماسیەت و بازرگانیی نێودەوڵەتی بووە لە زانکۆی کێنتاکی. لە ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٨ توێژەری باڵاو جێگری بەڕێوەبەری ئامۆژگای ئۆلین بۆ دیراساتی ستراتیژی لە زانکۆی هارڤارد بوو، بە هەمان شێوە توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ساوس کالیفۆڕنیا و لە هەمان زانکۆش وانەبێژی زانستی سیاسی بووە. لەم دیمانەیەدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر کاروبارو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.

دیمانەی تایبەت

**مایكڵ دێش**

بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نۆتردام بۆ گوڵان:

# سیاسەتەکانی ئەمریکا تاکلایەنانەن نەک گۆشەگیرانە

## ئەمریکا هەڵەی کرد کە لە دوای شەڕی سارد رووسیای گۆشەگیر کرد

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا گەورەترین و دژوارترینی ئەو تەحەددییانە چین کە رووبەڕووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوونەتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە چەندین تەحەددی هەن کە پەیوەستن بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ناوچەکەی ئێوەوە- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست- ئەوا لە ئێستادا پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ وڵاتی سعودیەدا پەیوەندییەکی گرفتئامێزن. چونکە ئێمە دەزانین ئیدارەی سەرۆک ترەمپ چاوەڕوانییەکی زۆری هەبوو لە سعودیە و لە شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمان بۆ ئەنجامدانی زۆرێك لەو کارانەی ئەمریکا خوازیار بوو ئەنجامیان بدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نێویاندا ئیحتیواکردنی ئێران بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون لە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا. بەڵام ئێستا و دوای ئاشکرابوونی تێوەگلانی حکومەتی سعودیە لە کوشتنی رۆژنامەنووسە سعودییەکە (جەمال خاشقچی)، ئەوا گومانێکی زۆر دروست بووە لەبارەی ئەوەی ئایا دەکرێت ئەم رۆڵە لە سعودیە چاوەڕوان بکرێت.

*** کەواتە پێتوایە نائومێدییەك هەیە لای ئەمریکا لە ئاست سعودیە، یان هەڵەی حیسابات هەیە لە پەیوەندی بە چاوەڕوانی ئەمریکا لە سعودیە؟**

- بەڵێ راستە، من پێموایە هەڵەیەکی گەورەی حیسابات هەبووە، لەبەر ئەوەی ئومێدەکە ئەوە بوو محەمەد بن سەلمان- شازادەی جێنشین- سعودیە بکاتە بەشێك لە جیهانی مۆدێرن و بەم شێوەیە ببێتە شەریکێکی بەهێزی ئەمریکا لە چەند پرس و بابەتێکی گرنگی ناوچەکەدا. بەڵام هەموو ئەمانە-بەلای کەمەوە لە ئێستادا- گومانیان لەسەر

**سعودیە وەک یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەکەدا دەتوانێت زۆر بە خراپی رەفتار بکات، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی هەوڵەکانی ترەمپ بۆ گۆشەگیرکردنی ئەو وڵاتە**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت دووبارە پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا دابڕێژێتەوە، هەروەها کەمتر مەیلی بۆ کارکردنی فرەلایەنە هەیە بەراورد بە سەرۆکەکانی دیکە**

دروست بووە بە هۆی رووداوەکانی ئەستەنبولەوە.

*** ئایا پێتوایە ئەم رووداوە ببێتەهۆی دروستبوونی کەلێنی گەورە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیەدا؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم پەیوەندییەکان بە تەواوەتی بپچڕێن، بەڵام پێموایە زەحمەتە بتوانین بە چەشنی رابردوو پاساوی درێژەدان بە پەیوەندیی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سعودیەدا بدەین. چونکە ئەوەتا سەرۆك کۆماری تورکیا- رەجەب تەییب ئەردۆغان- وردەکاریی زیاتر لەبارەی رووداوەکەی کونسوڵگەریی سعودیە لە ئەستەنبول دەخاتەڕوو، مەبەستم ئەوەیە ئێستا سعودیە رووبەڕووی گیروگرفت بۆتەوە، راستە ئەم رووداوە نابێتەهۆی داڕووخانی سعودیە، بەڵام پێموایە کاریگەرییەکانی لە ناوچەکەدا سنووردار دەکات.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەمریکا ئومێدی هەبوو سعودیە رۆڵ ببینێت لە بەرەنگاربوونەوە یان ئیحتیواکردنی ئێراندا، بەڵام حاڵی حازر ئەمریکا خۆی راستەوخۆ سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەپێنێت، پێتوایە ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمریکا چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من پێموانییە ببێتەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت سازش بکات، چونکە باقی جیهان قەناعەتیان بەوە نییە کە پێویست بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی سەخت لە ئاست ئێراندا بکات، بە چەشنی ئەوەی ئەمریکا-یان بەلای کەمەوە ئیدارەی ترەمپ- گرتوویەتەبەر لە ئاست ئەو وڵاتەدا. من دووبارە دەگەڕێمەوە سەر رووداوەکەی ئەستەنبول و پێموایە ئەمە ئەو راستییە دەردەخات کە ناتوانین بە روونی کاراکتەرە باش و خراپەکان لە ناوچەکەدا جیابکەینەوە، چونکە ئەوەتا سعودیە وەك یەکێك لە نزیکترین هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەکەدا دەتوانێت زۆر بە خراپی رەفتار بکات، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی هەوڵەکانی ترەمپ بۆ گۆشەگیرکردنی ئەو وڵاتە.

*** کەواتە لەو باوەڕەدایت کە ئەم سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا سەرکەوتوو نابێت و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە؟**

- بەڵێ من هاوڕام لەم رووەوە و باوەڕم وایە کە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و ئاکامی پێچەوانەشی لێدەکەوێتەوە.

*** باشە پێتوایە ئەمریکا بە دیاریکراوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا دەبێت چی بکات؟**

- لە راستیدا پێموانییە ئەمە کارێکی زۆرمان لەدەست بێت، کە لەم ساتەوختەدا ئێران دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە عێراقدا. هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە دابەشبوونی شیعەی عێراقە لەبارەی تێڕوانینیانەوە بۆ ئێران و ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە دەکرێت پەرەسەندنە سرووشتییە سیاسییەکانی وڵاتێك ببنەهۆی سنووردارکردنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران، لە کاتێکدا ئێمە کارێکی زۆرمان لەدەست نایەت لەم رووەوە.

*** وڵاتێکی گرنگی ناوچەکە کە رۆژگارێکی دوورو درێژە هاوپەیمانی ئەمریکایە، بریتییە لە تورکیا، بەڵام ئێمە بینیمان کە تەنانەت ئەم وڵاتەش بە دوور نەبوو لە سەپاندنی سزاو فشاری بازرگانی و ئابووری لەلایەن ئەمریکاوە، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنە چییە؟**

- ئێمە دەزانین سیاسەت و هەڵوێستەکانی ترەمپ بوونەتە هۆی هەڵوەستەپێکردنی هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو هەنگاوانەی لە ئاست تورکیادا گیرانەبەر لەلایەن ئەمریکاوە توندترین رێکار بوون بە بەراورد بەو رێکارانەی دیکە کە لە ئاست هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دیکە پیادە کراون. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئیدارەی ترەمپ ئامادە بووە گومان لەسەر زۆرێك لە هاوپەیمانێتییەکان دروست بکات. کەواتە ئەمە بەشێك بووە لە گوتاری ترەمپ.

*** باشە دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم تێڕوانینە گوماناوییەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست هاوپەیمانەکاندا چی دەبێت؟**

- من پێموایە ئەم تێڕوانینە زۆرێك لە هاوپەیمانەکان ناچار دەکات بۆ ئەوەی کۆششی زیاتر بکەن بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیان، کە پێموانییە ئەمەش بە تەواوەتی کارێکی خراپ بێت. بەتایبەتی کاتێك ئەمە پەیوەست بێت بە هاوپەیمانە ئەوروپییەکانەوە. کە رۆژگارێکی دوورو درێژە خەرجییەکی کەم دەگرنەئەستۆ بۆ بواری بەرگریکردن لە خۆیان.

*** مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە گومانی سەرۆك ترەمپ لە ئاست دامەزراوە فرەلایەنەکان و بڕیارەکانی کشانەوەی لە هەندێ لە رێککەوتنی نێودەوڵەتی و دووقوڵی، وەك رێککەوتنی ئەتۆمی**

**ئێران و ڕێککەوتننامەی موشەکە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکان، شرۆڤەی ئێوە بۆ ئەم هەنگاوانە چییە؟**

- لە بنەڕەتدا ئێمە دەبێت بەو شێوەیە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بڕوانین کە تا چ رادەیەك بەرژەوەندییەکانی ئێمە بەدی دەهێنن. بەڵام من پێموایە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و ڕێککەوتنامەی موشەکە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکان- کە ساڵی ١٩٨٧ لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا واژوو کرا- لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بوون، لەم روانگەیەوە پێموایە بڕیاری سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لەم ڕێککەوتنانە بڕیارێکی هەڵە بوو. بەڵام رەنگە ڕێککەوتنی دووقۆڵی و چەند قۆڵی هەبن کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا نەبن و رەنگە گومان دروستکردن لەبارەیانەوە بیرۆکەیەکی خراپ نەبێت.

*** ئەگەر لە روانگەی ئەم بڕیارانەوە لە ئاراستەی سیاسەتی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بڕوانین، ئایا دەتوانین بڵێین سیاسەتێکی گۆشەگیرانەی گرتۆتەبەر؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین پێی بڵێین سیاسەتێکی تاکلایەنانە، چونکە لە رۆژگاری هاوچەرخدا گۆشەگیری ڕێگاچارەیەکی مانادار نییە، کەواتە ئەگەر بەراوردێکی سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ بکەین بەو سیاسەتە گۆشەگیرییەی ئەمریکا هەیبوو لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی رابردوودا، ئەوا ئەم بەراوردکردنە لە جێی خۆیدا نییە، چونکە لێکچوونیان لە نێواندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت و دەخوازێت دووبارە پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا دابڕێژێتەوە، هەروەها کەمتر مەیلی بۆ کارکردنی فرەلایەنە هەیە بە بەراورد بە سەرۆکەکانی دیکە، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەمە بە مانای گۆشەگیری نایەت.

*** ئەی بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە لە بارەی رکابەریی نێوان هێزە جیهانییە گەورەکان چییە، بەتایبەتی کە ئێستا چین هێزێکی هەڵکشاوە و رووسیاش خوازیارە رۆڵێکی بەرچاوتر بگێڕێت لە سەر شانۆی جیهان، ئایا ئەمە سەردەکێشێت بۆ بارگرژی و ناکۆکیی زیاتری نێوان ئەم هێزانە لەگەڵ ئەمریکادا؟**

- بە باوەڕی من شتێکی حەتمی بوو کە چین ببێتە کاراکتەرێکی گرنگتر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەهۆی گەشەکردنی ئابوورییەکەیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە رکابەریی نێوان ئێمە و چین بە چەشنی رکابەریی نێوان ئێمە و یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی شەڕی سارد بێت. کێشەی ئێمە لەگەڵ رووسیادا جیاوازە، چونکە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ئێمە رووسیامان گۆشەگیر کرد و ئەمەش هەڵەیەك بوو کە کردمان.

*** کەواتە پێتوانییە ئەوەی دەگوزەرێت لە نێوان ئەمریکا و هەر یەکە لە رووسیا و چیندا بە شەڕی سارد بەراورد بکرێت یان وەسف بکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو رکابەرییەی لە نێوان ئەمریکا و هەر یەکە لە چین و رووسیادا هەیە، چڕ دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخێر، من پێم وانیە ئەمە دووبارەبوونەوەی شەڕی سارد بێت، چونکە سرووشتی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ چیندا جیاوازە لەو پەیوەندییەی ئێمە هەمانبوو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا لە سەروەختی شەڕی سارددا. بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو ئاستە باڵایەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەبەرچاو بگرین.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی ستراتیژیەتی ئەمریکاوەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە تێکشکاندنی داعشەوە، ئێوە چۆن لەم ستراتیژیەتە دەڕوانن؟**

- لە بنەڕەتدا ئەم ستراتیژیەتە شکستی هێناوە، بەڵگەش ئەوەیە کە لە ئەفغانستان دەگوزەرێت، راستە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نایەوێت ئیعتیراف بە شکست بکات، بەڵام ئەوەتا ئێستا بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ تاڵیباندا بۆ دۆزینەوەی شێوازێك بۆ جێهێشتنی ئەو وڵاتە.

*** ئەی چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ستراتیژیەتە لە عێراق و سووریادا دەکەیت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە سووریاوە، ئەوا مەسەلەکە کۆتایی هاتووە و ئەسەد براوەیە. دۆخی عێراقیش باشترە بەراورد بە رەوشی رابردوو، ئەوەی لە عێراقدا بەدیمان کردووە، بوونی هەلومەرجێکی خوازراو بووە، بەڵام بە شێوەیەکی کتوپڕ دۆخەکە تێکدەچێت و من نیگەرانم لەوەی ئەمە دووبارە ببێتەوە.

**ئەو هەنگاوانەی لە ئاست تورکیادا گیرانەبەر لەلایەن ئەمریکاوە توندترین ڕێکار بوون بە بەراورد بەو ڕێکارانەی دیکە کە لە ئاست هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دیکە پیادە کراون**

**ئەوەی لە عێراقدا بەدیمان کردووە، بوونی هەلومەرجێکی خوازراو بووە، بەڵام بە شێوەیەکی کتوپڕ دۆخەکە تێکدەچێت و من نیگەرانم لەوەی ئەمە دووبارە ببێتەوە**

دیمانەی تایبەت




**ڕۆبەرت لۆرەنس**

**تایبەتمەندی بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا بە ڕۆحییەتی بازرگانییەوە سیاسەتی دەرەوە هەڵدەسووڕێنێت

**رۆبەرت زاکاری لۆرەنس، پرۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە لە سکوڵی جۆن کێنێدی بۆ حکومەت لە زانکۆی هارڤارد و بەڕێوەبەری گرووپی بازرگانییە لە هەمان سکووڵ. هەروەها توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای پیتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، پێشتریش توێژەرە بووە لە بیرۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ئابووری. لە ساڵی ١٩٩٩بۆ٢٠٠١ ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکارانی ئابووریی سەرۆك بیل کلینتۆن بوو. پتر لە ١٠٠ توێژینەوە و وتاری لەبارەی ئابووری نێودەوڵەتیدا نووسیوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤەکرد کە تایبەت بوون بە بەکارهێنانی سزا و فشاری ئابووری و بازرگانییەکانەوە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، یاخود ئەوەی پێی دەوترێت شەڕی بازرگانی، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لە ئێستادا زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی ئەمریکا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی پەنا دەباتە بەر سەپاندنی ئابلۆقە و سزای ئابووری، ئەوەی پێی دەوترێت شەڕی بازرگانی، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەوەی پەیوەست بێت بە زیادکرنی سەپاندنی رسوماتی گومرکییەکەوە پتر بە ئاراستەی هێنانەدی ئامانجە ئابووری و بازرگانییەکانن، نەك بە ئاقاری بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی —ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ-. من ئەمە دەڵێم بە بێ ئەوەی مەبەستم ئەوە بێت کە ئەم دوو پرسە لێکدابڕاو بکەین، لەبەر ئەوەی لە ماوەی یەك دوو ساڵی رابردوودا ئیدارەی ئەمریکا دوودڵ بوو لە سەپاندنی رسوماتی گومرکی زیاتر بەسەر چیندا بەهۆی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکەی لە ئاستی کۆریای باکووردا. بەڵام ئەوەی بەم دواییە بەدیمان کرد لە گرتنەبەری زۆرێك لە رێکارە بازرگانییەکان، ئەوا ئامانج لەو رێکارانە زیاتر بەدیهێنانی ئامانجە بازرگانییەکان بووە.

*** کەواتە پێتوایە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پرسی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی گۆڕیوە بۆ جۆرێك لە مامەڵە و سەفقەی بازرگانی، یان با بڵێین ئایا بە رۆحییەتی ئەنجامدانی سەفقەی بازرگانییەوە سیاسەتی دەرەوە هەڵدەسوورێنێت؟**

- لە راستیدا ئەمە تا رادەیەکی گەورە هەستی پێدەکرێت، نموونەیەکی باش لەبارەی ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد، بەکارهێنان یان سەپاندنی رسوماتی گومرکی بوو بەسەر تورکیادا، بۆ ئەوەی ناچاری بکەن قەشە ئەمریکییەکە ئازاد بکات، کە چەند ساڵێك بوو لە زینداندا بوو.

*** باشە پێتوایە لە مەودای دووردا تا چەند ئەمە سیاسەتێکی سەرکەوتوو و درێژخایەن دەبێت؟**

- ئەگەر باس لە سەرکەوتن، یان کاریگەریی ئەم سیاسەتە بکەین، ئەوا پێموایە دەبێتەهۆی لاوازبوونی ئەو متمانەیەی یان هەستکردن بەو ئامانجە هاوبەشەی کە ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا هەوڵی بنیادنانیان دا لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکادا. بەتایبەتی رێکخراوێکی وەك ناتۆ، کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئەندامەکانی خەرجی زیاتر بگرنەئەستۆ، کە ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو چەشنە رۆحییەتەیە کە ئاماژەمان پێکرد لە پەیوەندی بە ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیەوە. کەواتە ئەمە سیاسەتێکی کورتبینانە و لاوازە و پێموایە دەبێتەهۆی بێهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. لەلایەکی دیکەوە ئەو رێکارە بازرگانییانەی گیرانەبەر لە چوارچێوەی رێساکانی ئاسایشی نەتەوەییدا هەڵگیران، کەواتە کاتێك ئەمریکا

**کاتێک ئەمریکا رێکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە بەرامبەر وڵاتانێک لە ئەوروپا دەگرێتەبەر کە بەشێکن لە ناتۆ، یان لەبەرامبەر وڵاتی کەنەدا کە لە چەندین شەڕدا هاوهەڵوێستی ئەمریکا بووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتەهۆی لاوازکردنی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا**

ڕێکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە بەرامبەر وڵاتانێک لە ئەوروپا دەگرێتەبەر کە بەشێکن لە ناتۆ، یان لەبەرامبەر وڵاتی کەنەدا کە لە چەندین شەڕدا هاوهەڵوێستی ئەمریکا بووە، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتەهۆی لاوازکردنی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا.

*** باشە ئەگەر ئەم هەڵوێست و ڕێکارانەی ئەمریکا ببێتەهۆی لاوازکردنی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکانی، ئایا ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم هەنگاوانە چی دەبن؟ ئایا بە مانای نەمانی هاریکاری نێوان ئەمریکا و ئەم وڵاتانە دێت و ئەمە تێکڕای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەبات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە لە ئێستادا ئەمریکا لە هەندێ ڕووبەڕووبوونەوەکان پاشەکشە دەکات، بۆ نموونە لە ئێستادا ئەمریکا دەستی کردووە بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپییدا بۆ کردنەوەی دەروازە بە رووی بازاڕەکاندا. ئەوەی پەیوەندی بە یابانەوە هەبێت، ئەوا لە چەند هەفتەی پێشوودا دەستکرا بە گفتوگۆ لەگەڵیدا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد، کەواتە پێموانییە هەڵوێستەکانی پێشووی ئەمریکا درێژە بکێشن. چونکە لە ئێستادا هاوکاریی زیاتر هەیە لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە پەیوەندی بە هەڵوێستیانەوە لە ئاست چیندا، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی گرژی و هەستی دژ بە ئەمریکا بوون لە نێو ئەو وڵاتانەی بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژ هاوپەیمانی ئەمریکا بوون.

*** باشە دەتوانین بڵێین ئەم بارە نوێیەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمان و ڕکابەرەکانی بوونەتەهۆی لاوازبوونی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، یان دامەزراوە فرەلایەنەکان، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان؟**

- من پێموایە ئەمە بەندە بە کاردانەوەی ئەو دامەزراوانەوە، بۆ نموونە ئەمریکا داوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری کرد لەنێو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، کە ئەمەش سەرنجی وڵاتانی دیکەی کێش کرد و ئێستاش بەنیازن گفتوگۆ بکەن لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو چاکسازییانە چین کە پێویستە ئەنجام بدرێن. کەواتە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە ئەو دامەزراوانە لە مەودای دووردا بەهێزتر بن و مرونەتی زیاتریان هەبێت تەنانەت بە بێ سەرکردایەتی ئەمریکاش. بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پرسی گۆڕانی ژینگەوە، ئەوا لەبەر ئەوەی بەشداربوون و ڕۆڵی ئەمریکا گرنگە، ئەوا هەڵوێستی ئەمریکا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئەم پرسە. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پابەندبوون بە ڕێساکانی ئەو ڕێکخراوە دامەزراوە نێودەوڵەتییانەوە - بۆ نموونە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی- ئەوا هەڵوێستەکانی ئەمریکا بوونەتەهۆی لاوازکردنی ئەو ڕێسایانە و لاوازکردنی ئەو سیستەمانەی لەسەر بنەمای پابەندبوون بە ڕێساکانەوە بنیادنراون.

*** زۆر باسی ئەوە دەکرێت چین وەک هێزێکی هەڵکشاو تەحەددی بۆ ئەمریکا دروست دەکات، ئێوە چۆن وەسفی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەکەن و تا چەند ناکۆکبوونیان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر پرس و کاروبارە جیهانییەکان دەبێت؟**

- بە تێڕوانینی من مەترسییەکە گەورەکە لەمەدایە، چونکە ئێمە دەزانین ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ وەک ڕکابەرێکی ستراتیژی وەسفی چینی کردووە و لەم ڕووەوە ڕایگەیاندووە کە یان دەبێت چین سیستەمی ئابووریی خۆی بگۆڕێت، یان ڕووبەڕووی سزا و ڕێکاری بازرگانی دەبێتەوە، کە من پێموانییە چینیش هەروا بە ئاسانی بگۆڕێت. بەڵام دۆناڵد ترەمپ پێداگری دەکات لەسەر پاراستنی بازاڕەکانی ئەمریکا و دروستکردنی بەربەستی بازرگانی لەبەردەم کاڵاکانی چیندا و ئەم کارەشی کردووە. هەروەها من پێموانییە ئێمە بتوانین بە ئاسانی ئەو ناکۆکییانە چارەسەر و یەکلا بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە پرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ چیندا گرێدراوەتەوە بە مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کەواتە لە ئێستادا نەهجێکی ڕووبەڕووبوونەوە دەبینین، ئەمە لە کاتێکدا ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا- وەک ئیدارەی سەرۆک بیل کلینتۆن- پشتیوانییان دەکرد

**لە ئێستادا ئەمریکا دەستی کردووە بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپییدا بۆ کردنەوەی دەروازە بە رووی بازاڕەکاندا. لە چەند هەفتەی پێشوودا دەستکرا بە گفتوگۆ لەگەڵ یابان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد**

**ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ وەک ڕکابەرێکی ستراتیژی وەسفی چینی کردووە و لەم ڕووەوە ڕایگەیاندووە کە یان دەبێت چین سیستەمی ئابووریی خۆی بگۆڕێت، یان ڕووبەڕووی سزا و ڕێکاری بازرگانی دەبێتەوە**



لەوەی چین بێتە نێو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە، هەروەها ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما لەگەڵ چیندا کاری دەکرد لە پرسەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ژینگەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەرچی ئیدارەکانی پێشوی ئەمریکا ناکۆکییان هەبوو لەگەڵ وڵاتی چیندا، بەڵام ئەوەشیان دەخستەڕوو کە بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە و دەکرێت پێکەوە کاریان لەسەر بکرێت. بەڵام ئیدارەی ئێستای ئەمریکا جەخت لەسەر ناکۆکی و بارگرژییەکان دەکاتەوە.

*** ئایا پێتوایە ناکرێت ڕۆڵی چین نادیدە بگیرێت لە ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە جیهانییەکاندا؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هەمیشە تیشکدەخاتەسەر هەنگاو و ڕێکارە نارەواکانی چین.

*** لە دەرئەنجامی پرسیار و وەڵامەکانی پێشووە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە ئێستا ڕەوشێکی نوێی جیهانی دروست بووە، ئایا ئێوە لەم ڕووەوە گەشبینن یان بە بێهیواییەوە لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن و پێتانوایە ئایندەیەکی نادیار چاوەڕێی جیهان دەکات؟**

- من لە مەودای نزیك و مامناوەنددا زۆر ڕەشبینم، بەڵام لە مەودای دووردا ئومێدەوارم کە دەسەڵاتی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چوار ساڵ زیاتر درێژە نەکێشێت و هیوادارام هەندێ لەو کێشانەی بەڕێز ترەمپ ئاماژەی پێکردوون، ببنەهۆی دروستبوونی هاندەر و پاڵنەر بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی دامەزراوە جیهانییەکان و بۆ هێنانەئارای هەندێ گۆڕانکاری لە وڵاتی چیندا، بۆ ئەوەی کراوەتر و دۆستانەتر بن لە بەرامبەر وەبەرهێنانی دەرەکیدا لە وڵاتەکەیاندا. کەواتە پێموایە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ترەمپ بۆی هەیە لە مەودای دووردا کاریگەریی ئەرێنییان لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر دوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بۆ چوار ساڵی دیکە هەڵبژێردرێتەوە، ئەوا من زۆر زۆر ڕەشبین دەبم.

**هیوادارام هەندێ لەو کێشانەی بەڕێز ترەمپ ئاماژەی پێکردوون، ببنەهۆی دروستبوونی هاندەر و پاڵنەر بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی دامەزراوە جیهانییەکان و بۆ هێنانەئارای هەندێ گۆڕانکاری لە وڵاتی چیندا**

# ڕۆڵی حزب
# لە حوکمڕانی و بونیادنانی نەتەوەدا

مێژووی حزب لە کوردستاندا پەیوەندییەکی قووڵی بە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەوە هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە مێژووی دروستبوونیەوە لەسەر دەستی رابەری نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی لەم پێناوەدا بووە، تاوەکو هەموو هێزو تواناو ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتی و هۆزەکان لە ژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە لەپێناو گەڕانەوەی شکۆ و کەرامەت بۆ تاکی کورد و لە ژێردەستەیی و چەوسانەوە رزگاری بکات، رەنگە تەنیا شانسێکیش بۆ مانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ریزبەندی یەکەمی حزبە کوردستانییەکان لەو ماوە زۆرەدا بۆ تێکۆشانی بگەڕێتەوە لەم پێناوەدا، راستە لەو ماوە مێژووییەدا ئەم حزبە زۆر تووشی پیلان و خیانەت و دژایەتیی زلهێزەکانی ناوچەکە بووەو غەدرو ئیرهابێکی فکری بەرامبەر کراوە، بەڵام لەم دوو هەڵبژاردنەدا دەرکەوتەوە کە ئەگەر لەو بیروباوەڕو ئامانجانە لانەدەین کە بارزانیی باوك بۆ خەباتگێڕو شۆڕشگێڕەکانی دارشتووە، ئەوا هەر لە ریزبەندی پێشەوەی هەموو ئەو حزب و بزووتنەوانە دەمێنینەوە کە هەر دەیانەوێت بە ئیدعاو دەجالی و فرتوفێڵ میللەت لەخشتەبەرن، لە هەمووشی گرنگتر ئەو بیروباوەڕەیە کە بارزانی بانگەشەی بۆ کردووە کە ((جێگای شانازییە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)) .

ئەگەر سەیری مێژووی دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، لەسەرەتاوە تائێستا لە پرۆگرامی خۆیدا لە کۆنگرەی یەك تا کۆنگرەی سێزدە جگە لە ئامانجە سیاسییەکەی کە گەیشتنە بە مافە نەتەوەییەکان کە خۆی لە دەوڵەتی کوردستان دەبینێتەوە، لە بوارە ئابوورییەکەیدا بەشی زۆری بەرنامەکەی بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان بووەو داوای ژیانێکی سەربەرزانە و خۆشگوزەران بۆ تاکی کوردستان دەکات، بەشێوەیە کە داهاتی تاکە کەس بە شێوەیەك بەرز بێت، لەبەرزترین ئاستدا بێت.

لە دوای راپەڕین پارتی هەمیشە هێزی کاریگەری حوکمڕانیی کوردستان بووە و سەرەڕای دەیان تێبینی لەسەر ئیدارەدانی خەڵك، بەڵام بەرپرسانە شانی داوەتەبەر سەرکەوتنەکان و شکستەکان و هەمیشە کۆڵی نەداوەو خەڵکی کوردستانی بەجێ نەهێشتووەو ئەم ساڵانەی دواییی راست و دروستی هەڵوێستەکان دەردەخەن کە خۆی لە بەرگریکردن لە کوردستان دەبینێتەوە .

لەبواری بونیادنانەوەو خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت دەیان کاریان ئەنجام داوە، کە دەکرێت بە کورتی ئاماژەیەکیان پێ بکەین، وەك بەراوردێك لەسەرەتای ڕاپەڕین تا ئێستا لە رووی پەروەردە و تەندروستی..

بە کورتی لەسەر هەر سێکتەرێکیان رادەوەستین بەم شێوەی لای خوارەوە:


● **یەکەم / لە سێکتەری پەروەردەدا**

- ژمارەی مامۆستایانی کوردستان بە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی تا ساڵی ١٩٩٢ تەنیا (٢١،٣٨٩) مامۆستا بوو، کەچی ئەو رێژەیە لە ئێستادا زیاترە لە (١٢٦،١١٢)مامۆستا.

- تا ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی بینای قوتابخانەکانی کوردستان تەنیا (٨٤٢) قوتابخانە بوو، کەچی

**تا ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی بینای قوتابخانەکانی کوردستان تەنیا (٨٤٢) قوتابخانە بوو، لە ئێستادا زیاترە لە (٥،٢٧٥) قوتابخانەمان هەیە**

**ژمارەی نەخۆشخانەکانی کوردستان تا ساڵی ١٩٩١تەنیا (٢٦) نەخۆشخانە بووە، لە ٢٠١٧ بووە بە (٧٦) نەخۆشخانە**



**نەوزاد شێخ کامیل**

سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

وێڕای قەیرانی دارایی لەماوەی چوارساڵی رابردوو ژمارەی بینای قوتابخانەکانی کوردستان لە ئێستادا زیاترە لە (٥،٢٧٥) قوتابخانە.

- تا ساڵی ١٩٩٢ تەنیا (٤،٥٨٨) قوتابی باخچەی ساوایان لە کوردستان هەبووە، کەچی ئەو ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠١٦ دەگاتە (٧١،٧٦٤).

-لە نێوان ساڵی (١٩٩١_٢٠٠٣) ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان لە سەر ئاستی عێراق بەرزترین ڕێژەی تۆمار کرد کە ٣٧٪ بووە، بەڵام پاش هەڵمەتێکی بەرفراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی دیاردەی نەخوێندەواری، ئەو ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠١٦ دەگاتە ١٤٪ .

**● دووەم / لە سێکتەری تەندروستی دا:**

پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی حوکمڕانی خۆی دا شوێن پەنجەی بەسەر هەموو سێکتەرەکانەوە دیارەو ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لە بوژانەوەو پێخستنی کوردستان دابینیوە کە سێکتەری تەندروستی یەکێکە لە بوارە گرنگانە.

- بۆنموونە لە رووی ژمارەی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان، پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکی مەزن روویداوە. ژمارەی نەخۆشخانەکانی کوردستان تا ساڵی ١٩٩١تەنیا (٢٦) نەخۆشخانە بووە، بەڵام تا٢٠١٧ ئەو ژمارەیە دەگاتە (٧٦) نەخۆشخانە. ژمارەی بنکە تەندروستییەکانیش لەو ماوەیە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر دادێت، تا ساڵی١٩٩١ (١٧٨)بنکەی تەندروستی لە کوردستان هەبووە، لە ٢٠١٧ دەگاتە (٩٦١) بنکەی تەندروستی.

- تا ساڵی ١٩٩١ چەند پزیشکی گشتی و ددان ودەرمانساز لە کوردستان هەبووە و پاشان لەسەردەمی حوکمڕانیی ئێمە کە پارتی کۆڵەکەی بنەڕەتی ئەو ئەزموونەیە، ئەو ڕێژەیە دەگاتە چەند؟ تا ساڵی ١٩٩١ژمارەی پزیشکان (٨٢٦) پزیشکی گشتی و (١٤٤) پزیشکی ددان هەبووە، بەڵام ئەو ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠١٧ دەگاتە (٦،٦٩٣) پزیشکی گشتی و (١٧٠١) پزیشکی ددان. پزیشکی دەرمانساز لە ١٩٩١تەنیا (٤٨) پزیشك بووە، لە٢٠١٧ ئەو ژمارەیە دەگاتە (١٠٣٥) پزیشکی دەرمانساز.

- سەبارەت بە ڕێژەی نەخۆشخانە تایبەتەکانی کوردستان، دەزانن ئەو سێکتەرە تا چ ئاستێك گەشەی کردووە؟ تاساڵی ١٩٩١ تەنیا (١) نەخۆشخانەی ١٥ قەرەوێڵەیی تایبەت هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ ئەو ژمارەیە دەبێتە (٤٩) نەخۆشخانەی تایبەت.

- لەماوەی ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵیدا زۆرترین پێشکەوتن لەبواری کردنەوەی نەخۆشخانە پسپۆرییەکان ڕوودەدات، کە تا ساڵی ١٩٩١ هیچ نەخۆشخانەیەکی پسپۆڕی لە کوردستان نەبووە، بەڵام ئەو سەنتەرە پسپۆڕییانە لە ٢٠١٨ ژمارەیان بەم شێوەیە: سەنتەری چاندنی گورچیلە، سەنتەری چارەسەری شێرپەنجە، سەنتەری تالاسیما، سەنتەری نەخۆشییەکانی شەکرە، سەنتەری شیانەوە، سەنتەری دڵ، سەنتەری نەخۆشیی دەروونی، کە کۆی گشتی دەگاتە (٢١) سەنتەری پزیشکیی پسپۆڕی حکوومی. تا ساڵی ١٩٩١ هیچ سەنتەرێکی پسپۆڕی تایبەت لە کوردستان نەبووە، بەڵام لە ئێستادا (٦٨) سەنتەری پسپۆڕی تایبەت هەیە.

**تا ساڵی١٩٩١ (١٧٨) بنکەی تەندروستی لە کوردستان هەبووە، لە ٢٠١٧ بووەتە (٩٦١) بنکەی تەندروستی**

**تا ساڵی ١٩٩١ هیچ سەنتەرێکی پسپۆڕی تایبەت لە کوردستان نەبووە، بەڵام لە ئێستادا (٦٨) سەنتەری پسپۆڕی تایبەت هەیە**



**عەمید سەرحەد قادر**

**بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# پێویستە خاڵی بنەڕەتی گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا پێداگری بێت لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک

# ئەو هێزە سەربازییانەی لە کەرکووکدا هەن نەیانتوانیوە ئەمنییەتی شارەکە بپارێزن

**ئاشکرایە ڕەوشی ئەمنی و ئیداریی کەرکووک لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئاڵۆزتر و ناثارامتر بووە لە سایەی ئەو دەسەڵاتە عەسکەرتاریەتەی بەسەر ئەو شارەدا سەپێندراوە، بە چەشنێك ئێستا مەترسیی هەڵکشانی ڕووداو و کردارە تیرۆریستییەکان لەئارادایە، ئەم پرسانە و پرسی چۆنیەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك و چەند مەسەلەیەکی پەیوەندیداری دیکە بوونە تەوەری دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ عەمید سەرحەد قادر بەڕێوبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکووك و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین ڕەوشی سەربازی و ئەمنیی شاری کەرکووك لە چ دۆخێکدایە؟**

- بارودۆخی ئەمنیی کەرکووك بەتایبەتی لە سنووری قەزاکانی حەویجە و دوبز و داقوق زۆر خراپە، چونکە چەکدارانی داعش لە گوندەکانی ئەو سنوورەدا دەبیندرێن و ئازادانە جموجووڵیان هەیە و بەردەوام کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و هەرچییەك مەبەستیان بێت، وەکو دانانی بۆمبی چێنراو تەقەمەنی و هێرشکردنە سەر هێزە عێراقییەکان لەم سنوورەدا بێباکانە ئەنجامی دەدەن. هەروەها ڕۆڵێکی زۆر خراپ و تێکدەرانەیان هەیە و مانەوەی تیرۆریستانی داعشیش لەم سنوورەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هیچ ئۆپەراسیۆنێکی گەورە بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچە و سنوورانە لە تیرۆریستانی داعش و گرووپە چەکدارەکانی تر ئەنجام نەدراوە.

*** ئەی سەبارەت بە ناو شاری کەرکووك؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەناو شارەوە، ئەوا ئەو هێزە عێراقییانەی وەکو پۆلیسی فیدراڵی و دژەتیرۆر و سوپای عێراق و چەندین هێزی تریش کە بوونیان هەیە لە شارەکە نەیانتوانیوە وەکو پێویست کۆنترۆڵی بارودۆخی ناو شاری کەرکووك بکەن، واتە نەیانتوانیوە گرووپە چەکدارە تیرۆریستییەکان دەستگیر بکەن، یان لە سنووری کەرکووك دووریان بخەنەوە. هەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش لەماوەی ڕابردووش بینیمان کە تیرۆریستان چەند جارێك ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراویان لەناو شاری کەرکووك تەقاندۆتەوە. ئەمانە هەر هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کەرکووك بکەن. لەلایەکی دیکەوە و لەماوەی ڕابردوو لە گوندەکانی کاکەیی کە چەندین ساڵە ئەو کاکەییانە نیشتەجێی ئەو شوێنانەن و خەڵکی ڕەسەنی گوندەکانن، بەهۆی پەلامار و کاری تیرۆریستانی داعش لە دژیان، بەشێکی زۆریان گوندەکانیان چۆڵ کردووە، هەروەها چەندین خەڵکیان لێ تیرۆر کراون

و رفێندراون کە تا ئێستاکەش کەسوکاری ئەو کاکەییانە بەدوایاندا دەگەڕێن و چاوەڕوانی چارەنووسی ئەو خەڵکانەیان دەکەن، هەر بۆیە هەموو ئەو کارە تیرۆریستییانە و نەبوونی هێزێك کە ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات وایکردووە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر کاریگەری لەسەر کاکەییەکان و خەڵکی ئەو سنوورانە دروست بکات و دەرئەنجام لەم دواییانەدا ئەو خەڵکانەی لە سنوور و گوندەکانی کاکەییەکان مابوونەوە ناچار بوون بەرەو شاری کەرکووك کۆچ بکەن.

*** ئایا حەشدی شیعە و هێزە عێراقییەکان مەبەستیان ئەوەیە کە بارودۆخەکەی کەرکووك هەر بەم شێوە نائاسایی و نایاسییە خراپە بێت، تاوەکو پاساویان هەبێت بۆ ئەو عەسکەرتارییەتییە و مانەوەیان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و دژی کورد لە شاری کەرکووك و سنوورەکەدا؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو هێزە عێراقییانەی کە هاتنە سنووری پارێزگای کەرکووك بۆ رزگارکردنی حەویجە و ناوچەکانی تر لە دەستی تیرۆریستانی داعش بە رێگای قیرڕدا هاتن و هەر ئەو رێگا قیرەشیان لە بەردەستە و نەیانتوانی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتی گوندەکانی سنوورەکە لە چەکدارانی داعش پاك بکەنەوە و ئەو گوندانەی کە لە سنووری قەزاکانی حەویجەو داقوق و دوبزدا هەیە، کە ژمارەیان لەسەدان گوند زیاترە و تا ئێستاکە هێزە عێراقییەکان نەچوونەتە ئەو گوندانەوە هەر بۆیە چەکدارانی داعش لەو سنوورانەدا ماون و لەماوەیساڵی رابردوو داعش بەناوی زەکات چوونەتە ئەو گوندانە و مەڕومالاّت و هەرچیەکی جووتیار و گوندنشینەکان هەیانبووە داوایان لێیان کردووە و وەریانگرتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە چەکدارەکانی داعش هیچ ترس و هێزێك بەدی ناکەن کە بەدوایاندا بن و بیانگرن. بۆیە لێرەدا چەند پرسیارێك دێتەپێشەوە و دەپرسین ئەو هێزە عێراقییانە بۆ بە دوای چەکدارانی داعشدا نەچوون؟ بۆ ئۆپەراسۆنیان لە دژی داعش ئەنجام نەداوە بۆ دەستگیرکردنیان، یان بۆ دوورخستنەوەیان و پاککردنەوەی سنوورەکە لێیان؟

*** هیچ هێزێکی کوردی بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان لە ١٦ی ئۆکتۆبەر هەبوو، ئایا هیچ رۆڵ و دەسەڵاتێکیان لە کەرکووك و سنوورەکەدا هەیە؟**

- لێرەدا شتێك هەیە کە پێویستە هەموو تاکێکی کوردو کەرکووکییەکان لایان ئاشکرا بێت، ئەویش ئەوەیە کە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزی پێشمەرگە لە کەرکووك هەبوو و دەرەوەی شاری کەرکووکی بە هەموو سنوورەکەیەوە پاراستبوو و هێزی ئاسایش لەناو شار هەبوو کە سەر بە حکومەتی ناوەندی بوون و ئەمنییەتی ناو شارەکەیان پاراستبوو. ئەو تاکە هێزە عێراقییەی کە لە کەرکووك هەبوو و شان بەشانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش ماوەی چوار ساڵی رابردوو شەڕی دەکرد، ئەوە پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووك بوون و لەماوەی ئەو چواردە ساڵدا زیاترە لە ٣٠٠ شەهیدمان داوە. بەڵام لەدوای ئەو کارەساتەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەو دەسەڵاتە لە دەستی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان نەما و ئێستاکە دۆسیەی ئەمنی و ئیداری و سەربازیی کەرکووك کە زۆر گرنگن لەلای کورد نەماوە و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کەرکووك ئێستا حاکمی عەسکەری بەڕێوەی دەبات، بۆیە ئەمانە وایکردووە هیچ هێزێکی تر دەسەڵاتی لە کەرکووك نەمینێت، تەنیا هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ و دژەتیرۆر و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەسەلاتدارن. هەر بۆیە دۆسیەی ئەمنیی ئەو شارە باش بێت، یان خراپ بێت، لەئەستۆی ئەواندایە.

*** باس لەوە دەکرێت کە دژایەتی کادیر و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك و سنوورەکەی بەردەوام لەزیادبوونە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن و ئایا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی کۆچکردنی خەڵکانی دیکەی لێ بکەوێتەوە ؟**

- من ناڵێم حاڵەتی کۆچکردن نییە، چونکە بارودۆخەکەی کەرکووك تا ئێستا عەسکەرتاریەت و حوکمی عورفیە، بۆیە دەبێت ئەو لیژنەو شاندەی لە یەکێتی و پارتی پێکهێنران بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق پێویست بوو خاڵی بنەڕەتی لە گفتوگۆیەکاندا

**کەرکووک ئەو شارەیە کە مەلا مستەفای بارزانی خۆی و شۆڕشێکی لەسەر دانا، هەرچی ئەنفال و کیمیاباران و مەرگەساتیشە کە بەسەر گەلی کورد داهاتووە، هەر هەمووی لەسەر کەرکووک بووە،**

**بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەرامبەر کەرکووک کەمتەرخەم بوون. دۆسیەی کەرکووک لەنێوان یەکێتی و پارتی ببەسترێتەوە بە کێشەو ململانێی حزبی، ئەوە بە پلەی یەکەم خەڵکی کەرکووک زەرەرمەند دەبێت**

ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک بووایە، بەڵام بەداخەوە شاندەکە تەنیا یەک کۆبوونەوەیان ئەنجامدا، ئەگەرچی پێویست بوو ئەو شاند و لیژنەیە لەگەڵ دەستبەکاربوونیان بەدواداچوونی وردیان لەسەر بارودۆخی ئەمنی و سەربازی و ئیداریی شاری کەرکوک بکردایە بۆ ئاساییکردنەوەی. دەبێت ئەوەش بزانین کە کەرکوک ئەو شارەیە کە مەلا مستەفای بارزانی خۆی و شۆڕشێکی لەسەر دانا، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، هەرچی ئەنفال و کیمیاباران و مەرگەساتە کە بەسەر گەلی کورد داهاتووە، هەر هەمووی لەسەر کەرکوک بووە، بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەرامبەر کەرکوک کەمتەرخەم بوون، چونکە کە شاندی کوردستان بۆ گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق چوونە بەغدا دەبووایە خاڵێکی سەرەکیی دانوستاندنەکە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک بووایە و دەبووایە شاندەکە زانیاری وردو تەواوی لەبەرپرسانی ئەمنی و سەربازی و ئیداری کەرکوک کە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر لەکەرکوک بوون وەربگرتبایە و بکرابایەتە دۆسییەک و لە بەردەستی شاندەکەی کوردستان بووایە و ئەو کردەوەو کارو بڕیارانەی کە حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان و پارێزگاری کەرکوک بە وەکالەت ئەنجامی دەدەن لەدژی کورد، و شاری کەرکوک و سنوورە، زەقیان بکردایەتەوە و لە ڕاگەیاندنەکانیشەوە کارو بەرنامەی تێروتەسەلی لەسەر ئەنجام بدرابایە و شاندەکەی یەکێتی و پارتیش زۆر زیاتر و بە جددی کاریان لەسەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک بکردایە، لە هەمووشی گرنگتر ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و ئەوانەی ئاوارە و دەربەدەربوون بۆ شاری کەرکوک بگەڕانایەتەوە و کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان ئەنجام بدەن، چونکە ئەوان نوێنەری خەڵکی کەرکووکن و پێویستە ڕۆڵیان زۆر زیاتر هەبێت بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک و ئێستا قایمقام و کەسانی تریش بۆ کەرکوک گەڕاونەتەوە و پێویستە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆڵی خۆیان هەستن و لەسەر ئەو حاڵەتە خراپ و ناياساييانەی بارودۆخی کەرکوک هەڵوێست وەربگرن و دۆسیە نەخوازراو خراپەکان بخەنەڕوو و لەسەر پێشێلکارییەکان بێنە وەڵام و سکاڵا تۆمار بکەن لەسەر ئەو کەس و لایەنانەی کە کاری ناياسایی و نابەرپرسانە دەرهەق بەخەڵکی کەرکوک ئەنجام دەدەن. بەڵام کە دۆسیەی کەرکوک لەنێوان یەکێتی و پارتی ببەسترێتەوە بە کێشەو ململانێی حزبی، ئەوە بە پلەی یەکەم خەڵکی کەرکوک زەرەرمەند دەبێت، ئەگەرچی ڕاستە ئەوەی لە کەرکوک کرا، قابیلی قبووڵ نییە، بەڵام دەبوایە دوای ئەو ڕووداو و کارەساتە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستانیش زیاتر هەوڵبدەن بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک، بەڵام لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بوون، چونکە پێویست بوو لیژنەیەک بۆ ڕووداوی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دروست بکەن ئەو لیژنەیە هەقیقەتی کارەساتەکەی ڕوون بکردبایەتەوە کە بۆچی ئەو کارەساتە ڕوویداوەو کێ تێیدا تاوانبار و بەرپرسە و بۆچی واکراوە و ئەو هەموو هێزەی کوردستان لەوێ بوون بۆ شەڕیان نەکردو کشانەوە؟ ئایا هێزە کوردییەکان زانیارییان هەبوو کە ئەم کارەساتە ڕوودەدات، ئەگەر بڵێن زانیارییان نەبووە، بە ڕاستی کارەساتە و ئەگەر زانیاریشیان هەبووە و هیچ ئیجرائاتێک نەکراوە، ئەوەش هەر کارەساتە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەزارەتی پێشمەرگەمان هەیە کە بەرپرسە لەهەر خروقاتێکی ئەمنی کە لە سنوورەکە ڕوودەدات، ئایا وەزارەتی پێشمەرگە هیچ زانیاری و جموجووڵێکی لەشەوی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەست پێ نەکردبوو و وەزارەتی پێشمەرگە ئەو شەوە چ ڕۆڵێکی هەبووە، یان بۆچی ڕۆڵیان وەکو پێویست نەبوو. ئەو بابەت و پرسیارانە دەبێت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و ئەوەی تاوانبار و کەمتەرخەمە دەستنیشان بکرێن و ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەو کارەساتە دیاری بکرێت، بەم کارانە دەگەینە دەرئەنجامی باش، بەڵام ئەگەر بچین تەنیا هەندێ قسەی ناخۆش و بێ بنەما بەرامبەر بەیەکتر لە ڕاگەیاندن و فیسبووک بکەن، ئەمە تەنیا یەکتر ناشیرینکردن و تۆمەتبەخشینەوەی خراپە کە ئەمەش بەمشێوەیە بێت، نە قەزیەی میللەتەکەمان چارەسەر دەبێت، نە بارودۆخی کەرکوک ئاسایی دەبێتەوە و ئەوەی زەرەرمەندیش دەبێت هەر کورد و کەرکووکییەکانن.

**پێویستە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە ڕۆڵی خۆیان هەستن و لەسەر ئەو حاڵەتە خراپ و ناياساييانەی بارودۆخی کەرکووک هەڵوێست وەربگرن و دۆسیە نەخوازراو خراپەکان بخەنەڕوو و لەسەر پێشێلکارییەکان بێنە وەڵام و سکاڵا تۆمار بکەن**

**پێویست بوو لیژنەیەک بۆ ڕووداوی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دروست بکەن ئەو لیژنەیە هەقیقەتی کارەساتەکەی ڕوون بکردبایەتەوە کە بۆچی ئەو کارەساتە ڕوویداوەو کێ تێیدا تاوانبار و بەرپرسە و بۆچی واکراوە**

### کێشەکانی میدیا لە هەرێم

### بەشی شەشەم

# نەبوونی میدیایەکی نەتەوەیی ئاراستەکراو

لە وڵاتانی پێشکەوتوو سەرەڕای ئەوەی میدیا رێك خراوە بە سیستەم و بۆردی چاودێری و یاسا کە دەبێت لە خزمەتی نیشتماندا بێت و، خزمەت بە ئامانجە پەروەردەیی و نیشتمانی و نەتەوەییەکە بکات، هامڕای سیستەمە پەروەردەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە، دابەشکردنێکی دیکە بۆ میدیا کراوە لە رووی تەکنیکی و ناوەرۆك و ئەرك و ئامانجەوە. کە بە زۆری لە سەر سێ ئاستی لۆکاڵی و ناوچەیی نیشتمانی و نێودەوڵەتییە. نموونەی وڵاتێکی وەك بەریتانیا میدیا لەسەر هەر سێ لەو ئاستەی هەیە. ئەگەر (بی بی سی) وەك نموونە وەربگرین، ئاستە نیشتمانییەکەی ناوەرۆك و پەیامەکانی بۆ ئاستی سنووری هەموو بەریتانیایە، ئەو ئامانج و پەیامەی کە وڵات و میدیا دەیەوێت هاووڵاتیانی لەسەر کۆبکاتەوە و خزمەتیان بکات بۆ هەموو هاووڵاتیانە، لەسەر ئاستی لۆکاڵی بە پێی ناوچەکان جگە لە رادیۆی لۆکاڵیی شارەکان هەواڵ و زانیارییەکان بەپێی ناوچە و دەڤەرەکان جیاکراوەتەوە. واتە ئەو بابەت و هەواڵانەی کە تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراو ئاراستەی تایبەتی ئەو ناوچەیە دەکات و لە هەریەك لەو ناوچانە ستۆدیۆیەکی تایبەتی هەیە، دوای خوێندنەوەی هەواڵ و پەیامەکانی ئاستی گشتیی نیشتمان پەخش دەچێتە ناو ستۆدیۆ ستۆدیۆی ناوچەکان و هەواڵ و زانیارییەکانی ئەو ناوچانە رووماڵ دەکات، لە سەر ئاستی جیهانیش کەناڵی جیهانی هەیە کە بابەت و زانیارییەکانی تایبەتن بە ناوچەکانی جیهان و ئەو زانیارییە بەریتانی و جیهانییانە بڵاو دەکاتەوە کە ئامانجی وڵاتەکەیەتی و خزمەت بە سیاسەتی وڵاتەکەی دەکات. هیچ وڵاتێکی جیهان نییە هەمان ئەو بابەت و زانیاری و کەموکوڕییانەی کە لە میدیا ناوخۆییەکانی



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نمایش دەکرێت، پیشانی جیهانی بدات. نەك وڵاتانی ئەورووپی، بگرە لە وڵاتانی دەوروبەر و عەرەبییش ئەو کەناڵەی بۆ جیهانی نمایش دەکات، جیایە لەوەی لە ناوخۆدا هەیەتی.

هەرێمی کوردستان سەرباری ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییەی کە هەیەتی لە بواری میدیا و بوونی ئەو فرەکەناڵییەی، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کێشەو ململانێ و کەموکوڕییەکانی بۆ ناوخۆ و شارو لادێکانی کوردستانی نمایش دەکات، هەر ئەوەیە دەیخاتە بەرچاوی جیهان، واتە کەناڵی لۆکاڵی و نیشتمانی و جیهانیمان یەك شتە. .

دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەم حاڵەتە:

**١-**نەبوونی گوتار و ستراتیژ و سیاسەتێکی نەتەوەیی کە بە جیهانی بڵێین و کاری لەسەر بکەین لەسەر ئاستی جیهان، بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکە بمانناسن و ئاگاداری پرسەکانمان بن وەك خۆی.

**٢-**کەوتنە بەرچاوی جیهان لە کەموکوڕی و ململانێکانی هەرێم، کێشەی گەڕەکێك دەگاتە هەموو جیهان.

**٣-**خزمەتکردن بە نەیارانمان کە پەرتەوازەیی میدیای کوردی گەیشتووەتە ئاستێك لە جەنگەکانیشدا خزمەت بە دوژمن بکات، تا داعشیش..

**تێکەڵبوونی پەیامە نیشتمانی و جیهانی و لۆکاڵییەکانمان لەمیدیا وچارەسەر**

١-رێکخستنی میدیا بە یاسا و بۆرد لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بە نیشتمانی بکرێت و لۆکاڵی تاکو خزمەتی زیاتر بە کێشەو داواکاریی هاووڵاتیان بکرێت.

**٢-**کارکردن بۆ دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانی.

**٣-**کارکردن بۆ دامەزراندنی میدیایەکی ئاراستەکراوی جیهانی کە کار بۆ ناسیۆنالیستی کوردی و پرسی نەتەوەیی بکات لە سەر ئاستی جیهان.




**دارا جەلیل خەیات**

**سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم بۆ گوڵان:**

# لە ماوەی داهاتوودا گۆڕانکاریی باش لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە لە هەرێمدا روودەدەن

**وردە وردە کوردستان قۆناغی سەختی قەیران و دژواری ئابووری تێدەپەڕێنێت و ئاماژەکانیش ئەگەری هاتنەئارای هەلومەرجێکی باشتر دەخەنەڕوو، کە هەموو ئەمانە ئومێد و گەشبینی بە داهاتوو دروست دەکەن، بۆ تاوتوێکردن و تیشکخستنەسەر باشتربوونی رەوشەکە و ئەگەرەکانی ئایندە لەم رووەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتیی ژوورە بازرگانیی و پیشەسازییەکان ئەنجامدا لێرەدا دەقی دیمانەکە بڵاو دەکەینەوە.**

*** لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و کرانەوانەی کە لە رووی سیاسیی ئابوورییەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتوون، ئایا ئێوە وەکو سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان پێتانوایە هەرێمی کوردستان قۆناغی قەیرانی ئابووری تێپەڕاندووە؟**

- هەموو ئاماژە و داتاکان ئەوە دەسەلمێنن کە دۆخی ئابووری و بازاڕ بەرەو کرانەوەو باشبوون دەچێت، ئەمەش بۆ ئەو هەوڵانەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری هەنگاوی بۆ ناوەو لەماوەیەکی کەمدا توانی گەمارۆ و سزاکانی سەر خەڵکی کوردستان هەڵگرێت و دیالۆك و دانوستان لەگەڵ ناوەند دەستپێبکات، تەنانەت بە هەوڵ و پاڵپشتی جەنابیان بۆ هەریەك لە ئەنجومەنی باڵای ئابووری و ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم هەموو ئەو کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانە بەستران کە لەماوەی رابردوودا لەگەڵ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی وڵاتانی دراوسێ و بیانی رێکخرا، ئەوانەش بوونە هۆی هاتنی وەبەرهێنەران و بیزنسکاران و گەورە کۆمپانیاکانی دەرەوە، هەر لەسەر داواکاریی بەڕێزیان هەوڵێك هەیە بۆ دابینکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت بۆ گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان. بەشێوەیەکی گشتی بە بۆچوونی ئێمە کێرڤی رەوشی ئابووری و بازاڕ روو لەهەڵکشانە، بەتایبەتی دوای نەمان و کەمبوونەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی ئابووری و داراییان پەك خست، بەهۆی شەڕی داعش و دابەزینی بەهای نەوت و بڕینی بودجە کە دوچاری گەلەکەمان بوو، جگە لەنەمانی ئەم هۆکارانە ئێستا پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ئومێدێکی دی دەداتە کرانەوەی ئابووری، سەرۆك وەزیرانی نوێ بە کەسایەتییەکی میانڕەوە ناسراوەو لەکارنامەکەیدا جەختی لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند کردووەتەوە. هەربۆیە لە ماوەیەکی نزیکدا جووڵەیەکی ئابووری و بازرگانیی گرنگ دەبینین کە ئەم دوو بوارە بە شادەماری هەموو پێشکەوتنێك لە وڵاتدا دادەنرێت، ئێستا داهاتەکان روو لە زیادبوون دەکەن و زۆر لە پڕۆژەکان دەست بەجێبەجێکردنیان کراوەتەوە و مووچەی خەڵکی لە کاتی خۆیدا دەدرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر کڕین و فرۆشتنەکان هەیە، بەتایبەتی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان کە سەقامگیری و بوونی وەکو پایتەختێك و ئەو ئاشتەوایی و کرانەوەیە بە روونی رەنگی بەسەر ئابوورییەکەیدا داوەتەوە، لە مێژووشدا هەولێر

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە ئێمە کردووە هەموو هەوڵەکانمان بەگەڕ بخەین بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان و دەستی کار بەگشتی**

**سەرۆک وەزیرانی نوێ بە کەسایەتیەکی میانڕەوە ناسراوەو لەکارنامەکەیدا جەختی لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند کردووەتەوە**

**لە هەموو دنیا کێبرکێی نێوان حزبەکان هەیە، بەڵام کاتێک دێتە سەر بابەتی ئابووری و بژێوی ژیانی دەبێت هەمووبان پاڵپشتی و پشتگیری ئەو پرۆژەو کارانە بکەن کە رۆڵی لە پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمەکە دەبێت**

**هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی ئابوورییەکی بەهێز کە تێیدا کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان بەرژەوەندییان تێدا بێت، فشارو پاڵەپەستۆیەکی باش دەبێت بۆ رێگەگرتن لە سەپاندنی سزاو گەمارۆی ئابووری**

**کاتێک ئابووریی وڵاتان تێکەڵ بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێت، زیانگەیاندن بەم ئابوورییە واتا زیانگەیاندن بە ئابووریی وڵاتەکانی خۆیان**

بە شاری پێکەوەژیان و لێبووردەیی ناوبانگی دەرکردووە، ئەمەش رۆڵی لە بووژانەوەی کەرتی بازرگانی و ئابووریدا هەیە.

*** هەر ئەم ئاماژانەیە کە بۆتە هۆی هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرۆك و نوێنەرانی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی وڵاتانی بیانی و کۆمپانیا ئەمریکییەکان؟**

- دانوستان و دیالۆگەکانی نێوان هەرێم و ناوەند کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی بودجە و باشبوونی تا رادەیەکی باشی مووچە، جووڵەیەکی باشی خستۆتە ناو کاروباری بازاڕ و ئابوورییەوە، واتا کێرڤی دووبارە گشەسەندنی ئابووری و بووژانەوەی بازاڕەکان رووی لە بەرزبوونەوە کردووە و ئومێدێکی گەورەی دروست کردووە، بێگومان ئەم دوو بوارەش بە شادەماری ئابووری و گەشەسەندن دادەنرێت و زۆربەی سێکتەرەکان لەگەڵ خۆیدا دەجووڵێنێت. سەبارەت بە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی بازرگان و وەبەرهێنەران و بیزنسکار و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم، بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە کە دەمانەوێت جووڵەیەکی زیاتری ئابووری و بازرگانی دروست بکەین، بەستنی هەموو ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسە ئابووری و بازرگانییانەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی ئێران و تورکیا و کۆمپانیا عێراقییەکان و بەهاتنی شاندێکی باڵای کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش هەر لەم چوارچێوەیەدا دێت، هەموو ئەمانەش واتایەکی روونیان هەیە کە کوردستان بە دۆخێکی سەقامگیریدا تێپەڕ دەبێت و هەموو پێشبینییەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە لەماوەی داهاتوودا گۆڕانکاریی باش لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە لەم هەرێمەدا روودەدەن و هاتنی ژمارەیەکی زیاتری کۆمپانیا بیانییەکان بەتایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا و ئەمریکاوە دەبینین، بەتایبەتی لە هەردوو بواری وزە و کارەبادا کە شاندی باڵای کۆمپانیاکانی ئەمریکا زۆر گرنگییان بەم دوو بوارە داوە، ئەوەش بۆ بەهێزکردنی ئابووریی هەرێمیش بایەخ و ستراتیژیەتی خۆی هەیە .

*** تاچەند کۆمپانیاکانی کوردستان و بیزنسکارو وەبەرهێنەرانی ناوخۆ خۆیان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە کردووە، ئەمە لەکاتێکدا لەناوخۆدا گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەسەر ئەداو توانای کۆمپانیا ناوخۆییەکان هەیە؟**

- لەهەموو دنیادا کەرتی تایبەت و کۆمپانیا ناوخۆییەکان لەگەڵ حکومەتدا تەواوکەری بەڕێوەبردنی ئابووری و پێشکەوتنەکانن، منیش هاوڕام لەگەڵتاندا کە دەبێت کەرتی تایبەت هاندەر بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆیانەی کەوتوونەتە سەر شانی حکومەتی هەرێم، هەر لە دامەزراندنی گەنجان و دۆزینەوەی هەلی کارەوە تاوەکو بەڕێوەبردنی سێکتەرە گرنگەکان، بەڵام خۆ دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی باڵای ئابووری بە بەرنامە و پلانێکی تۆکمە ئاراستەی کەرتی تایبەت بکەن بۆ ئەو سێکتەرو کەرتە گرنگانەی کە وڵاتەکەمان پێویستیەتی، بەتایبەتی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاریدا، ئەمەش پێویستی بە یاسای نوێ و هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکان و رێنمایی وا هەیە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم و ئابووریناسان دابڕێژدرێت و رۆڵی لە کەمکردنەوەی رۆتین و هەڵگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە هەبێت کە دێنە بەردەم بووژانەوەی ئابووریی وڵاتەکە و کارکردنی کۆمپانیاکان. سەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کاریش وەکو لەسەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە ئێمە کردووە هەموو هەوڵەکانمان بەگەڕ بخەین بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان و دەستی کار بەگشتی، بۆ ئەم مەبەستەش بەهاوکاری لەگەڵ چەند رێکخراو و ناوەندێکی بیانی لە هەوڵی ئەوەداین بەرەو پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان بڕۆین، تاوەکو لە قۆناخی داهاتوودا گەنجان ئامادە بکرێن بۆ بازاڕی کار و بەڕێوەبردنی ئابووری و ئەو ئابوورییەی لەدنیای پێشکەوتوودا قۆناغی بەرزی بڕیوە.

*** لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و سزا بەسەر هەرێمی کوردستاندا، خەڵکی کوردستان و بازرگان و پیشەسازیکاران زیانێکی گەورەیان**

**بەرکەوت و چەندین کۆمپانیا دوچاری مایەپووچبوون بوون، ئایا تا چ رادەیەك کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان رۆڵیان دەبێت لەوەی سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا بێت ؟**

- پێویستە ئابووریی هەرێمی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی بەرهەمهێن بچێت، بەتایبەتی کە کوردستان خاوەنی سامانێکی سرووشتیی دەوڵەمەندە و دەکرێت لەزۆر بواری کشتوکاڵ و کانزاکاریی و پیشەسازی نەوتدا پرۆژەو هەنگاوی باش بنێت، ئەمە هاندەر دەبێت بۆ ئەوەی ئێمە خاوەنی ئاسایشی خۆراکی بین و هیچ کەس و دەوڵەتێك نەتوانێت گەمارۆمان لەسەر دابنێت، لەلایەکی ترەوە گرنگیدان بە کەرتی بەرهەمهێنان بۆ هەلی کار زۆر گرنگە، هەروەها هەوڵی ئەوەش بدەین ئەو وەبەرهێنەرە بیانییانەی دێنە ئەم وڵاتەوە، روو لە کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان بکەن، ئەمەش بەدی نایەت ئەگەر زەمانەت و پاراستنی مافەکانیان دەستەبەر نەکرێت، بەمشێوەیە هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی ئابوورییەکی بەهێز کە تێیدا کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەکان بەرژەوەندییان تێدا بێت، فشارو پاڵەپەستۆیەکی باش دەبێت بۆ رێگەگرتن لە سەپاندنی سزاو گەمارۆی ئابووری، چونکە ئابووریی ئەو وڵاتانەش تێکەڵ بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبن و زیانگەیاندن بەم ئابوورییە واتا زیانگەیاندنە بە ئابووریی وڵاتەکانی خۆیان.

*** لەسەرەتای قسەکاندا باسی کابینە وەزارییەکەی د.عادل عەبدولمەهدیت کرد، کە هەموو پێشبینی و بۆچوونەکان بەرەو ئەوە دەچن، کرانەوەیەك لە نێوان سەنتەرو هەرێمدا روو بدات. ئەمە تا چەند لەسەر ئابووری هەرێم کاریگەری دەبێت؟**

- کورد پێکهاتەیەکی گرنگە لە وڵاتی عێراقدا و بە هاوبەشیکرن و تەوازنکردنی دەسەڵاتەکانیش ئومێدمان زۆرە گرژی و ململانێکانی ناوەند لەگەڵ هەرێمدا کۆتایی بێت و ئەوەش بۆ هەردوو لا جێگای بایەخ و گرنگیدان دەبێت. ئابووریی هەرێم بۆ عێراق و بەپێچەوانەوە ئابووریی عێراق بۆ هەرێم گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بێ یەکتر زەحمەتە بتوانرێت کاری باش و گرنگ بکرێت، بە دامەزراندنی هەر دوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە کێشە و گرفتەکانی نێوان هەردوولا بەرەو چارەسەربوون دەچێت، بەتایبەتی ئەو گەمارۆ و سزا و دانانی بازگە گومرکییانەی کە لە نێوان کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و موسڵ و دهۆك دانراوە کە زیانی گەورە بە بازرگان و پیشەسازیکارانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت و زیانیشی بۆ خێراکردنی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننەنشینەکان دەبێت. من لێرەدا دەمەوێت باسی بابەتێکی دیکەی هەستیار بکەم کە کاریگەریی زۆر خراپ و توندی لەسەر رەوشی ئابووری و باری بژێوی ژیانی هاووڵاتیان هەیە، ئەویش ململانێی نێوان حزبە کوردستانیەکانە بەتایبەتی گواستنەوەی ئەو ململانێیە بۆ بەغدا، لە هەموو دنیا کێبڕکێی نێوان حزبەکان هەیە، بەڵام کاتێك دێتە سەر بابەتی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵك، نابێت هەریەکەو بە ئاراستەیەك بجووڵێتەوە و دەبێت هەموویان پاڵپشتی و پشتگیری ئەو پڕۆژەو کارانە بکەن کە رۆڵی دەبێت لە پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمەکە و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان.

*** ئێستاکە رەشنووسی پڕۆژە یاسایەکی بودجە ئامادەکراوە کە تێیدا دووبارە غەدرێکی گەورە لە پشکی بودجەی کوردستان و مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم کراوە، ئایا کەمکردنەوەی پشکی کورد لە بودجەی گشتی عێراقدا بەمشێوەیە زیانی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟**

- من لە میدیاکانەوە گوێبیستی ئامادەکردنی رەشنووسی پڕۆژە یاسایەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٩ بووم، ئومێدەوارم سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق و حکومەتە نوێیەکەی بەغدا لەگەڵ شاندی باڵای دانوستانی حکومەتی هەرێم بگەنە رێککەوتنێکی کۆتایی و پشکی بودجەی هەرێم بۆ ١٧٪ بەرزبکەنەوە، تا ئەو کاتەی سەرژمێریی گشتیی عێراق ئەنجام دەدرێت، چونکە کەمکردنەوەو دەستکاریکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا شوێنەواری خراپی لەسەر هەموو سێکتەرەکان دەبێت، بەتایبەتی سێکتەری بازرگانی و ئابووری.

**پێویستە ئابووریی هەرێمی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی بەرهەمهێن بچێت، بەتایبەتی کە کوردستان خاوەنی سامانێکی سرووشتیی دەوڵەمەندە و دەکرێت لە بوارەکانی کشتوکاڵ و کانزاکاریی و پیشەسازی نەوتدا پرۆژەو هەنگاوی باش بنێت**

**شاندی باڵای کۆمپانیاکانی ئەمریکا زۆر گرنگییان بە هەردوو بواری وزە و کارەبا داوە، ئەوەش بۆ بەهێزکردنی ئابووریی هەرێم بایەخ و ستراتیژیەتی خۆی هەیە**

**کەمکردنەوەو دەستکاریکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا شوێنەواری خراپی لەسەر هەموو سێکتەرەکان دەبێت، بەتایبەتی سێکتەری بازرگانی و ئابووری**